# چۆن فێری ڕقت دەکەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چۆن فێری ڕقت دەکەن

نووسینی:

**میخائیل شۆلۆخۆڤ**

وەرگێڕانی:

**فەلەکەدین کاکەیی**

ناوی کتێب: چۆن فێری ڕقت دەکەن - چیرۆکی درێژ
نووسینی: میخائیل شۆلۆخۆڤ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەلەکەدین کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦١٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## وتەیەک بۆ چاپی دووەم(*)

ساڵی ١٩٨٤، لەودەمەی شەڕی عێراق و ئێران بڵێسەی سەند، ئەم چیرۆکەی نووسەری سۆڤیەتی میخاییل شۆلۆخۆفم بەزمانی فارسی خوێندەوە، کە دەربارەی شەڕی دووەمی جیهانی و مەینەتی بەدیلگیراوەکانی شەڕە. من دژی شەڕەکە بووم.

وەکو پەیامێک دژ بەجەنگ و کارەساتەکانی، ئەم چیرۆکەم بەناوی (چۆن فێری ڕقت دەکەن) وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و وەکوو یەکەمین کتێبی (کۆمەڵەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگە)، کە لە چیا پێکمان هێنابوو، لە خواکوڕک چاپ کرا و بڵاوکرایەوە.

کاک فەهمی کاکەیی بەوەرگێڕانەکەمدا داچۆوە و پوخت و جوانتری کرد. کاک جەلال دەباغ، کە لە کۆمەڵەکەدا پێکەوە



بووین، هاریکارم بوو لە چاپ و بڵاوکردنەوەی. چاپی یەکەمی بەژمارەیەکی کەم و بەتایپی دەستی و فۆتۆستینسل، لە خواکورک دەرهێنرا. ئەوە چاپی دووەمی (ساڵی ٢٠٠٥) بەکۆمپیوتەر و تازەترین چاپ، لە هەولێر دەردەچێتەوە.

ئەم نامیلکەیە دوو بەشە:

یەک: پێشەکیی ساڵی ١٩٨٤، کە هەندێکم لە کتێبە فارسییەکە و هەندێکی تر لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی و فارسی وەرمگرتووە.

دوو: دەقی چیرۆکەکە کە بەناوی (چۆن فێری ڕقت دەکەن)ە.

ساڵی ١٩٨٤ نامیلکەکەم بەنازناوی (ا.پ) بڵاوکردەوە ئێستا (تازە دەوێرم!) بەناوی ئاشکرامەوە بڵاوی بکەمەوە. بەداخەوە ناوی سەرچاوە فارسییەکەم نەنووسیبوو، ئێستاش ئەو کتێبەم لەلا نەماوە و کە لە کاتی گواستنەوەی ماڵەکەم لە ئێرانەوە بۆ کوردستان تیاچوو. داوای لێبووردن لە وەرگێڕە فارسییەکە دەکەم، کە کۆمەڵێک چیرۆکی شۆلۆخۆفی کۆکردبووەوە. زۆربەیان لەسەر شەڕی دووەمی جیهانی بوون، دیارە ئەو نووسەرە بەڕێزە ئێرانییەش، وەکو من، بەم شێوەیە شەڕی ڕیسوا کردووە.

---

(*) چاپی یەکەمی ئەم وەرگێڕانە ساڵی ١٩٨٤ لە خواکورک بڵاوکراوەتەوە

## پێشەکیی چاپی یەکەم

«ئایا نووسەری شەرەفمەند دەتوانێ، لە ئاستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ مرۆڤایەتی بەرەو خۆکوژی و نەمان ببەن، بێدەنگ ڕابوەستێ؟»

شۆلۆخۆف

ساڵی ١٩٦٥، میخائیل شۆلۆخۆف، بەو وتانە خەڵاتی (نۆبل)ی لەسەر ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (دونی ئارام) وەرگرت، کاتی بەرامبەر کۆری ڕۆشنبیری پاشایەتی سوید ڕاوەستا و وتارە مێژووییەکەی لەو بارەوە بەگوێی گەلانی جیهان گەیاند.

لە شوباتی ئەمساڵدا ١٩٨٤ میخائیل شۆلۆخۆف، نووسەری بەرز و ڕۆماننووسی بەناوبانگی گەلانی یەکێتی سۆڤیەت و



یەکێ لە ڕێنوما ناسراوەکانی ڕیالیستی سۆسیالیستی چاوی لێکنا و لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا ١٩٠٥–١٩٨٤ کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی کە یادێکی هەمیشە زیندووی لە بەرهەمە جوان و بەرزەکانیدا بۆ بەجێ هێشتین.

شۆلۆخۆف و بەرهەمەکانی بەتەنیا موڵکی گەلانی یەکێتی سۆڤیەت نییە، بەڵکو موڵکی تەواوی مرۆڤایەتییە، بۆیەش ئەم چەند دێڕە دەخەینە بەرچاوی خوێنەری کورد، کە بۆ ناسینی گۆشەیەک لە ژیانی ئەو ئەدیبە بلیمەتەیە. دیارە کە ناسینی گشت لایەنەکانی چالاکی ئەدەبی و بەرهەمەکانی کە بەهەزاران لاپەڕەیە کارێکی ورد و بەرفراوانی دەوێ و بەم پێشەکییە کورتە و بەگۆڕینی ئەم چیرۆکە دەرەقەتی کارێکی وا قەبە نایەین.

سەرەڕای ئەوەش کە زمانی نووسینی شۆلۆخۆف بەخۆی سادە و ڕەوان و بێبۆیە و بێ تیف تیفەیە، ئەوەندەی تر تەقەڵام داوە سادە و ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ بنووسم، چ لەبەرئەوەی کە ئەمە یەکەمین بەرهەمی درێژی نووسینی کوردییە کە چاپ دەکرێ (بێ گومان نووسینی کوردیم هەیە کە لە چاپ نەدراوە)، یا لەبەرئەوەی کە هەر بڕوام وایە کە دەبێ بۆ زۆربەی خەڵک بنووسین و شتێکی وا بکەین خوێنەواری سادەی کورد کەڵکی لێ وەربگرێ.

## شۆلۆخۆف کێیە؟

میخائیل ئەلکساندەرویچ شۆلۆخۆف ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی (کروژیلین) لە هەرێمی دونتز، واتە لە ناوچەی ڕووباری (دون) لە (ڕوستوف) لە دایکبووە، واتە لەو ناوچەیە کە کازاخەکان ژیاون. لە بنەماڵەیەکی جووتیاری کازاخی لە دایکبووە. باوکی خەڵکی ڕیزانە، بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریک بووە. دایکیشی هەر لە بنەچەیەکی جووتیاری بووە. کاتێ کە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەرکەوت، شۆلۆخۆف تازە پێ دەگەیشت و لە باوەشی شۆڕش، وەکو ئەو نەوەیە کە ئەو کاتە تازە لاو و تازە بەتازە چاوی دەکردەوە، فێر بووە. لەو چیرۆکانەی کە لە ساڵەکانی بیست و سیدا نوسیوون باسی ئەو زۆرانبازی و ململانێیە دەکا کە نەوەی تازە لەتەک نەوەی کۆندا و، پێویستی و ڕەفتار و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ دابونەریت و نەفامی و دواکەوتوویی و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و کۆنە، تێکئالاون. شۆلۆخۆف زوو دەستی داوەتە نووسین.

سەرەتای نووسینەکانی بۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەو ە، واتە هێشتا تەمەن بیست ساڵە بوو. چەندین چیرۆکی ئەم سەردەمەی سەبارەت بەو توولەک (تازە لاو)و لاوانەیە کە چۆن دەچوونە ڕیزی (کومسومول)و چۆن بەگژی خووڕەوشتی



کۆمەڵی کۆنا دەچوون و لە بۆتەی ئەو مشتومڕەدا قال دەبوون، فێری تێکۆشان و ژیانی تازە دەبوون. ساڵی ١٩٤١، کاتێ شەڕی جیهانی دووەم هەڵایسا بوو، شۆلۆخۆف وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەنووس چووەتە خەتی پێشەوەی شەڕ، لەوێ، جگە لە ناردنی ڕێپۆرتاژ و هەواڵ و وتار بۆ ڕۆژنامەکان، چیرۆکی کورت و درێژیشی دەنووسی وەکو ئەم چیرۆکەی وەرمانگێڕاوە، کە ساڵی ١٩٤٣ لە ژێر ناوی (چۆن فێری ڕقت دەکەن)دا نووسیویەتی. چوار ساڵ لە خەتی پێشەوەی شەڕ ماوە. پاش تەواوبوونی شەڕ لە جاران گەرمتر خەریکی نووسین بووە و شاکاری جوانی داناوە کە زۆربەی بۆ ڕیسواکردنی شەڕفرۆشان و پیشاندانی کارەسات و دەرد و ئازاری شەڕ و لە پێناوی ئاشتی و ئاسوودەیی و بەختیاری ئادەمیزادا تەرخان کردووە. لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی دەربارەی شەڕی جیهانی دووەم چیرۆکی (چارەنووسی ئادەمیزاد)ە، کە بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدراوە، لەوانەش بۆ زمانی شیرینی کوردی.

(زەوی بەیارمانیش کێلا...) ناونیشانی یەکێ لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانییەتی، باسی ڕۆژانی هەوەڵی پێکهێنانی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان (کولخوزەکان) دەکا و چۆن و بە چ سەختی و زەحمەتی و گیانکێشانێک جووتیاران قایلبوون و تێگەیشتن کە کاری هەرەوەزی باشترە و خێر و بەرەکەتی پترە.

(دۆنی ئارام) ئەم ڕۆمانە بەناوبانگەیە، کە بەبۆنەیەوە، ساڵی ١٩٦٥ خەڵاتی (نۆبل)ی وەرگرت. وەکو دەڵێن، شۆلۆخۆف، یازدە ساڵی ڕەبەق خەریکی نووسینی ئەو ڕۆمانە بووە، کە ئەمڕۆ بۆ زۆربەی زۆری زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، بەئومێدی ئەو ڕۆژەش کە سوارچاکێکی زمانی کوردی ئەو ڕۆمانە بەکوردی بگێڕێتەوە.

وەکو وتمان ناتوانین لەم دەرفەتەدا تەنانەت لیستەی ناوی بەرهەمەکانی شۆلۆخۆف بخەینە بەرچاو. ئەو پایەیەکی بەرزی لە ئەدەبی هاوچەرخی جیهانیدا هەیە. هەمیشە بۆ مرۆڤایەتی نووسیویەتی. شەڕ و ستەم و زۆرداری و پاشکەوتوویی و خوێنمژینی ڕیسوا کردووە. وێنەگری واقیعی تێکۆشانی سەختی گەلەکەی بووە لە پێناوی خەڵقکردنی ژیانێکی تازەی بێ چەوسانەوە، ژیانی بەختیار و پڕ لە جۆش و خرۆش، تیایە مرۆڤ پڕ بەپێستی خۆی وەکو مرۆڤێک خۆی بناسێ و کار بکا و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێش ببا. شۆلۆخۆف هەر لەو کاتەی کە باسی شەڕ و بەگژیەکداچوون و کارەساتە جەرگبڕەکان دەکا، بەهەموو وزە و توانایەکی هونەرمەندانەوە بانگی ئاشتی هەڵدەدا و خەڵک بۆ خەبات لە پێناوی ئاشتی و کامەرانی و دۆستایەتی و برایەتیدا بانگ دەکا. ئەم مانایەی بەخەستی لە وتارەکەیدا ساڵی ١٩٦٥دا دەرخستووە.



**تواناى زيندووى واقيعگەرى (ڕياليستى):**

ساڵی ١٩٦٥ کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل لەسەر ڕۆمانی (دۆنی ئارام) شۆلۆخۆف بەشانازییەوە وتی:

«لەمەوپێشیش ئاشکرام کرد کە من نەبەس بەوە خۆشحاڵم کە خزمەتگوزاری پیشەیی و خسوسیاتی نووسەریم جێگەی پێ قایلبوون و ناسینی جیهانییە، بەڵکو لەو ڕووەوەش بەخۆم دەنازم کە ئەم خەڵاتە بەر نووسەرێکی ڕووس کەوتووە، بەر نووسەرێکی خەڵکی یەکێتی سۆڤیەت کەوتووە من لەم کۆڕەدا (کۆڕی ڕۆشنبیری پاشایەتی سوید) نوێنەری بەرەی مەزنی نووسەرانی نیشتمانەکەمم».

**ئەمجا شۆلۆخۆف وتی:**

«پێشووتر شادمانی خۆم لەوەش دەرخستبوو کە ئەم خەڵاتە بەشێوەیەکی تر پشتگیرییە بۆ ڕۆمان نووسین. لەو ساڵانەی دواییدا چەندین جار بیستوومە کە گوایە شێوەی ڕۆمان ئیتر کۆن بووە و وەڵامی پێداویستی ئەمڕۆ ناداتەوە. بەهەموو دڵێکەوە دەڵێم کە لەو باسانە سەرم سوڕماوە، چونکە ڕۆمان ئەو ئیمکانەمان پێ دەدا کە جیهانی واقیعی تەواوتر بناسین و تئیور و ڕەوشی خۆمان و هاوبیرەکانمان دەربارەی جیهان و کێشە بەگوڕەکانی لە قالبی ڕۆماندا بنوێنین».

«لە ڕاستیدا، ڕۆمان ڕاماندێنی تا ژیانی بەرینی دەوروبەر باشتر و قووڵتر تێبگەین، هەروا ڕێگەمان لێ دەگرێ نەوەک هەوڵ بدەین مەنی (مەنی – واتە: فردیە / انانیە) پووچەڵی خۆمان بەناوکی دونیا بزانین. بەلای هونەرمەندی ڕیالیستییەوە، ڕۆمان بەپێی ئەو سروشتەی کە هەیەتی، پێگەیەکی پان و بەرینە. زۆر لە داهاتەکانی هونەری نوێ لە ژێر ناوونیشانی ئەوەدا کە گوایە تەمەنی (ریالیزم) بەسەرچووە، ئەو ڕاستییانە قبووڵ ناکەن. من، بێ ئەوەی لەوە ترسابم کە ناوی کۆنە پارێزیم (محافظە) لێ بنێن و، بەناوی پەیڕەوێکی نەگۆڕی ڕیالیزمەوە، ئەو تێبینیانە ڕەت دەکەمەوە. شتێکی تریش، زۆر لەو کەسانە بەناوی پێشڕەوایەتی ئەدەبییەوە دەئاخڤن، مەبەستمان هەر ئەو هەوڵ و کۆششانەیە، کە لە زەمینەی قاڵب و شێوەی داهێنانی بەرهەمی هونەرییەوە وا بەدەستەوەیە».

«بەلای منەوە پێشڕەوانی ڕاستەقینە ئەو هونەرمەندانەن کە ناوەڕۆکی نوێی ژیانی دەورانی ئێمە دەکەونەوە و لە بەرهەمی خۆیاندا دەینوێنن. ڕیالیزمی بەگشتی و ڕۆمانی ڕیالیستی بەتایبەتی، لەسەر بناغەی تاقیکردنەوەی هونەری مامۆستایانی مەزنی ڕابردوو دامەزراوە، بەڵام لە ڕێڕەوی تەکامولی خۆیدا،



ڕووخسارێکی ئێجگار تازە و زادەی دەورانی ئەمڕۆی پەیدا کردووە».

«مەبەستی من لە واقیعگەری، ئامانجی نوێسازی و گۆڕینی ژیانە لەپێناو خێر و خۆشی ئینساندا. بەدیهییە کە مەبەستم لەوە هەر ئەمەیە کە ئەمڕۆ بەڕیالیزمی سۆسیالیستی ناوی دەبەن. لە وێژەکانی (خسوسیاتی) ئەو جیهانبینییە ئەوەیە کە دوورە پەرێزی و هەڵاتن لە واقعییەت قبووڵ ناکات و، ئادەمیزاد بانگ دەکا تا لە پێناوی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا تێبکۆشێ و شێوەی تێکۆشانی پێ پیشان دەدا و ئەو ئیمکانە دەڕەخسێ کە ئادەمیزاد بەو ئامانجە بگات کە ئارەزووی ملیۆنەها ئینسانە».

«کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کەسانی تاک تاک و بەتەنێ و جیا لە یەکتر – کە وەکو ئاسمانگەرەکان لە دەرەوەی کێشی زەوی و لە حاڵەتی بێ کێشانەدا دەیبەنە سەر پێک نەهاتووە. ئێمە لەسەر ئەم زەمینە دەژین و ملکەچی یاساکانی ئەوین و هەروەکوو لە ئینجیلدا هاتووە «هەر ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئێمە پڕە لە بەدبەختی و گرفتاری و نیازی خۆی و ئومێد بەدوا ڕۆژی باشتری خۆی». دانیشتوانی هەرە زۆری سەر ئەرز ویست و ئارەزووەی وەکو یەکتریان هەیە بەرژەوەند و پەیوەندی

هاوبەشیان، کە بەرلەوەی لەیەک جیا و دووریان بخاتەوە، پێکەوە دەینابەستی. ئەوانەی پیاوی کار و ڕەنجدەرانن، هەموو شتێک بەهێزی دەست و مێشک دەخوولقێنن. من لەو نووسەرانەم کە خزمەتکردن بەخەڵکی ڕەنجکێش، بەقەڵەم و بەبێ سنوور، بەبەرزترین شانازی خۆم دەزانم».

«هەموو شتێک ئا لێرەوە دەست پێ دەکا. لێرەوە دەتوانرێ دەرک بکرێ کە هونەرمەند بەلای منەوە – وەکو نووسەرێکی مەردوومی سۆڤییەت – چ پایەیەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا هەیە».

«ئێمە لە دەورانی نائارامیدا دەژین. هەرچەندە لە سەرانسەری ئەرزدا، میللەتێک نییە شەڕ بخوازێ، بەڵام دەسەڵات و هێزگەلی وا هەن کە میللەتان بەرەو کوورەی شەڕ ڕادەکێشن. ئایا دەشێ، خۆڵەمێشی شەڕ، خۆڵەمێشی گڕە مەزنەکەی شەڕی جیهانی دووەم، دڵی نووسەری شەرەفمەند دەتوانێ، لە ئاستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ مرۆڤایەتی بەرەو خۆکوژی و نەمان ببەن، بێدەنگ ڕابوەستێ؟ ئەی پەیامی هونەرمەندان چییە؟ پەیامی ئەو هونەرمەندەی کە وەکو خواکانی ئەلەمپ لە ئاستی دەرد و ئازاری خەڵکی بێ خەم نییە، خۆی لە کێشەکێشی دوژمنکارانە بەرزتر دەزانێ؟ ئەو هونەرمەندەی کە خۆی بەڕۆڵەی گەڵ و بەئەندامێکی بچووکی ئەو خەڵکە لە قەڵەم دەدا؟»



«نووسەر دەبێ لە ڕووی ڕاستییەوە لەگەڵ خوێنەرەکان قسە بکا، ڕاستی بڵێ، ئەو ڕاستییەش کە باوەڕ و بڕوا بەخوێنەران دەدا، باوەڕ بەدوارۆژ و بڕوا بەوزە و تواناکانی خۆی کە لەباریدا هەیە ئەو دوارۆژە بسازێ.

نووسەر دەبێ، لە سەرانسەری دونیادا، تێکۆشەری ڕێگەی ئاشتی بێ و، بەهەر کوێ قسەی بڕ دەکا با ئەو تێکۆشەرانە بەبار بێنێ کە لەو چەشنە، ئاشتیخواز بن و خەڵکیش بەپێیی مەیلی سروشتییانە و شەرەفمەندانەیان، لە پێناوی پشکۆتن و پێشکەوتندا یەک بخات. هونەر دەسەڵاتێکی سەرسووڕهێنەری بەسەر مێشک و گیان و دڵانی ئادەمیزادا هەیە. بەلای منەوە، ئەو کەسە هەقی هەیە ناوی هونەرمەند لە خۆی بنێ، کە ئەو دەسەڵاتە، بۆ خەڵقکردنی گیانی جوانی پەرستی لە دڵی خەڵک لە پێناوی خێر و خۆشی مەردومدا بەکار بهێنێ».

«خەڵکی وڵاتەکەم، لە پێشخستنی ڕێڕەوی مێژووی خۆیاندا ڕێگایەکی تەختانیان نەبڕیووە؛ ئەو ڕێگای ڕێگا شەقکەر و پێشەنگەکانی ژیان بووە. منی نووسەر، بەئەرکی خۆمم زانیووە و، وەکو لەمەودواش وا دەیزانم، کە هەرچییەکم نووسیبێ و لە مەودوا بینووسم، هەر بۆ ڕیزلێنان و بەحورمەت زانینی ڕەنجی ئەو میللەتە زەحمەتکێشەیە، ئەو میللەتە داهێنەرە، ئەو گەلە

قارەمانە، ئەو گەلە کە بۆ سەر هیچ کەسێ دەستدرێژی نەکردووە و هەمیشە بەسەربەرزییەوە توانیوویەتی بەرگری لە دەستکەوتەکانی خۆی بکا و ئازادی و شەرەفی خۆی بپارێزێ و قەت لەو مافەی واز ناهێنێ کە دوارۆژی خۆی، بەپێی ئارەزوو و ویستی خۆی، بخووڵقێنێ».

لە کۆتاییدا شۆلۆخۆف دەڵێ:

«بەئاواتم کە کتێبەکانم یاریدەدەری خەڵکی بن تا لەوە چاکتر بن کە هەن و، گیانێکی پاکتر بگرنە بەر و، ببنە هۆی پشکۆتنی خۆشەویستی و دۆستایەتی لەگەڵ و هاوچەشن و تێکۆشانی بێ وچان لە ڕێگەی ئامانجی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی مەردوومدا . لەم ڕێگایەدا، با سەرکەوتنی هەرچەندە کەمیشم وەدەست هێنابێ ئینجا خۆم هەر بەختەوەر دەزانم».

## کۆمەڵی ئازاد لە هەژاری و چەوسانەوە چۆن ڕێز لە هونەرمەند دەنێ؟

ئەوە بوو چەمکێک لە ژیان و بیروباوەڕی شۆلۆخۆف سەبارەت بەهونەر و هونەرمەندی ئینسانپەروەر، جا بزانین ئەو میللەتەی کە ئەو پێوە دەنازێ و «شاباشی» شانازی بۆ هەڵدەدا، چۆن حورمەتی گرتووە و یادی کردۆتەوە... کە ئەمەی تا ئێستا بۆی کراوە هێشتا کەمە بۆی کرابێ؛ ئەو کەمەش بەتەنێ بەسە، تا تێبگەین کە بۆچی شۆلۆخۆف بەو





سەربەرزییەوە خۆی بەڕۆڵەی ئەو گەلە داهێنەرە لە قەڵەم دەدا، کە هەم ئەم ڕاستی دەربڕیووە و هەم ئەو گەلەش شایانی ئەو ئیحترامەیە. گەلێک قەدەری ئینسان بزانێ و نرخ لە بەرهەمی دەست و بەرهەمی مێشک بنێ و گرنگییەتی نرخ ئەو نرخ لێنانە بزانێ و کارکەری دڵسۆز، چ کارکەری دەستی بێ یا کارکەری مێشکی، لە جێگەی خۆی دابنێ، گەلێکی ئاوەها بەڕاستی شایانی هەموو ئەو خۆشەویستییەیە کە تک تک لە پێنووسی شۆلۆخۆفەوە دەچێتە ناو دێڕی ڕۆمان و گشت نووسراوەکانی تری. چ خۆشە مرۆڤ کار بکا و خەڵکی وا هەبن کارەکەی بسەنگێنن و، خۆی بەخت بکا و کەسی وا هەبن بەو فیداکارییە بزانن و، بەهرەدار بێ لە هونەر و کارامەیی و شارەزایی و مەردوومی ئەوتۆ هەبن بیناسن و لە جێگەی خۆی – نە زیاتر و نە کەمتر – دایبنێن! لە تاریکستانی کۆمەڵگای پڕ لە ستەم و چەوسانەوە و کوێرەوەری و خوێنمژی و نەفامی و نەزانیندا، لە شەوەزەنگی کۆیلایەتی کۆمەڵی ئادەمیزادا: چەند گوڵ پێش ئەوەی بپشکون نەژاکان و هەڵنەوەرین؟ چەند چرا نەکوژانەوە؟ چەند دەنگی زوڵاڵ لە گەرووداا نەخنکێنران؟ چەند نەونەمام پێش ئەوەی بێنە بەر لە بنچوبناواندا هەڵنەکەندران؟ چەند بەهرەوەر و بلیمەتیش، پاش ئەوەی ناسران، ئەمجا بەدڵڕەقی و کوێرانە پێشێل نەکران؟ ڕەنجی چەند کەس،

چەندین ملیارد کەس، بۆ هەندێ کەس نەچوو؟ چ تاوانێک دەرهەقی بیری گەش و باوەڕی ڕاستی نوێ و داهێنانی تازەوگرِ، نەکراوە؟

کۆمەڵی ئازاد لە چەوسانەوە و هەژاری و بێ دەرەتانی، ڕەگ و ڕیشەی ئەو تاوانە ڕەش و چەپەڵانە، کە هەمیشە لەکەی نەنگن بەنێوچاوانی کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە، لە ڕیشەوە وشک دەکاتەوە و سەر زەوی لێ بژار دەکا!

کاروانی خەڵکی سەر ئەرز، وەک منالێ تازە پێ بگرێ و بەرەو ئامێزی دایکی بەباڵە فشێ لەتر دەخوا و لاقە تازە پێگرتووەکانی دەهاوێژێ، بەرەو هەتاوی ئەو دوارِۆژە ڕۆشنایییە دەڕوا، ئەو کاتە کە – با ئێمەش لە نیشتیمانە جوانەکەماندا، لە تەمەنی خۆماندا، نەیبینین – ئیتر هیچ بەهرەمەندێک لە هونەر و هێزی داهێنان و بیروباوەڕِ ڕووناک لە پلە و حورمەت و ڕیزلێنان بێ بەش نابێ. ئەو ڕۆژە... بێ بەشان هەر ئەو تەمەڵ و بێ بەهرە و خۆپەرستانە دەبن کە بیانەوێ کەمترین زەحمەت بەخۆیان بدەن و فرەترین بەرهەم بەریان کەوێ و، تۆزقالێک مێشک یا لەشی خۆیان ماندوو نەکەن و لە هەمووانیش چاکتر بژین، خۆشتر بخۆن، ئاسوودەتر بنوون، جوانتر بپۆشن و، چۆن مەیلیان بێ ڕایبوێرن! چ خۆشە ئەو ڕۆژەی کە ئیدی نان بۆ قەساب و گۆشت بۆ نانەوا نەبێ! نرخی ئینسان بەپێواری



کار و بەهرە و ڕەنجی ئەو پێوانە بکرێ، نە بە (گەزی کوتاڵ فرۆشی) وا کە عانەیەک بخاتە ناو مێزەرەکەی و سوێند بخوا، بەو سەرەی کە عانایەک زیاتری تیا نییە! لەو کۆمەڵگایەدا مەچەکی ئینسانی خوێنمژ دەگرن – وەکو پۆلیسی مەچەکی گیرفانبرِ لە کاتی برِینی گیرفاندا بگرێ – و پێی دەڵێن: ئیتر بەسە! ئەوەی کار نەکا ناخوا! چ کاری دەست بێ، چ کاری مێشک!

مرۆڤ لە دەغڵکاری و (تەنیا عانەیەک لە ناو مێزەرنان) و چاوچنۆکی و ڕقوکینە ڕزگاری دەبێ. براڵە! تۆ بڵێی: تۆ بڵێی وا بێ؟! ... ئەگەر وا نەبێ و ڕێرِەوی کاروانی شەهیدانی ئازادی و سەرفرازی بەو مەنزڵگەیە ناگات، ئیتر ئەم خەبات و بەرخۆدانە هیچ مانایەکی نامێنێ، دڵنیابە کە ڕۆژی ڕزگاری تەواوی مرۆڤ – بەمرۆڤی کوردستانیشەوە – سەرهەڵدەدا و شەمشەمە کوێرەی زۆرداری و سوار ملّی یەکتربوون دەخرێنە کون و قوژبنە گۆرستانەکانی مێژوو.

شۆلۆخۆفی نەمر دەبێ زێدەتر بەختەوەر بێ لەوەی بیری لێ دەکردەوە. ئەی ئەوە نەبوو کە بەخۆی وتی: «بەئاواتەوەم کە کتێبەکانم... ببنە هۆی... تێکۆشانی بێ وچان لە ڕێگەی ئامانجی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی مەردوومدا...»؟

لەوەیە، ئەوەی بۆ ڕێزلێنان لە شۆلۆخۆف کرابێ، بۆ کەم هاووڵاتی ئەو کرابێ. لە هەرێمەکەیدا بەحورمەت و شکۆداری ماڵئاوایی لێ کراوە و، لە سەرانسەری وڵاتدا هەواڵ و وتار و فیلم و لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاوکرایەتە و کۆڕی بۆ بەستراویەک دوو مانگ لە وەفاتی تێ دەپەڕی کە ئەم بڕیارانەش بۆ ڕێزلێگرتن و یادکردنەوەی –لە یەکێتی سۆڤیەتدا–

– لە مۆسکۆ پەیکەری بۆ دابنێین.

– لە مۆسکۆ، هەروا لە ڕوستۆف (شارێکی سەر ڕووباری [دون] کە لەوێدا شۆلۆخۆف زۆربەی بەرهەمەکانی داهێنا) سەرەو شەقام بەناوی بکرێتەوە.

– لە ئاوایی فیتسیکاپا، کە ئاوایییەکە شۆلۆخۆف تیا ژیاوە، ئامۆژگایەک بەناوییەوە دابمەزرێ.

– ناوی لەسەر سێ کتێبخانە و سوفخوزێک لە کازاخستان و گەمی (کەشتی)یەک بنرێ.

– لە هەرێمی ڕوستوفدا دەوڵەت مۆزەخانەیەکی بەرین بەناوی (میخائیل شۆلۆخۆف)ەوە بکاتەوە، ئەم خانووبەرانە بگێریتە بەر:

* ئەو خانووەی لە (فیتسیکایا) کە تیایدا ژیاوە.

* ئەو ماڵەی لە (کورجیلیسبنکی) کە تیایا لە دایکبووە.



* ئەو ماڵەی لە (کارفینسکایا) کە تیایا مناڵێتی بردۆتە سەر.

* ئەو ماڵەی کە تیایا ڕۆمانی بەناوبانگی (دونی ئارام)ی نووسیوە.

– بەناوییەوە (منحە) بەقوتابیان بدرێ.

– یەکێتی نووسەرانی سۆڤییەت هەر ساڵەی دوو خەڵات بەناوی (شۆلۆخۆف)ەوە بدات بەچاکترین بەرهەمی نووسەرە لاوەکان.

– هەروا لیژنەیەکی تایبەتی پێکهات، بۆ کەلەپووری ئەدەبی شۆلۆخۆف.

ئێمەش، هەم بەبۆنەی کۆچکردنی ئەم نووسەرە مەزنەوە هەم بۆ ناساندنی چەمکێک لە ئەدەبەکەی، ئەم چیرۆکە بەناوی (چۆن فێری ڕقت دەکەن)پێشکەش دەکەین، کە لە فارسییەوە وەرمان گرتووە. بۆ نووسینی ئەو پێشەکییەش لە هەندێ هەواڵ و نووسراو بەزمانی عەرەبی و فارسی کەڵکم وەرگرتووە.

فەلەکەدین کاکەیی – حوزەیرانی ١٩٨٤

## چۆن فێری ڕقت دەکەن

**میخائیل شۆلۆخۆڤ ساڵی ١٩٤٣ نووسیویەتی**

لە شـەڕدا، هـەر درەخـتـێک وەکـو ئـادەمـیـزادێک، چارەنووسی تایبەتی خـۆی هـەیە. ڕۆژێک بەشێکی فراوانی دارستـانێکم دیت کـە تۆپخانەی دوژمن درەوی کـردبوو. ئەڵمـانەکان کـە لە ئاوایی (س) دەرکرابوون، لەم بەشەی دارستانەکە سەنگەریان گرتبوو. وایان دەزانـی دەتوانن لەوێ خـۆیـان ڕابگرن، بەڵام داسـی مـەرگ ئەوانـی لـە تەک درەخـتـەکـانا درەو کـردبوو. کـەلەشـی سـەربازە ئەڵمانییەکان لە ژێر تەنەی دار کاژە ڕماوەکانا هەڵپلیشابوون و تکە پارچەی هەنـدێ لە ئەندامـی لەشـیـان لە ناو سـەرخـەسـە سەوزەڵانەکاندا بۆگەنیان کردبوو. عەتری شیـرە سەمغی تەنەی ئەو کاژانەی، کە بەگوللەتۆپ شکێنرابوون، نەیدەتوانی بۆگەنی کەلەخە هەڵترشـاوەکان لەنـاو ببا. بەهۆی تەقـینەوەی گوللەتۆپ



ئەو نـاوە چاڵ چاڵـی لـێ هـاتبـوو. هـەرچەندە کـە قـەراغـی ئەو چاڵ و چۆڵیـانە و خـاک و خـۆڵی ئەو ناوە، یەکـپـارچە بەگـڕی ئـاگـر سووتاو و قاڵ بووبوو، وا پێ دەچوو لـەوێشەوە هـەر بۆنی بۆگەن دەهـات، ملـی پیـاوی دەشکانـد. بەسـەر ئەم بەشـە پان و بەرینەی دارســتــانەکــەدا کــە گــوللەتۆپ ژێر و بانـی کــردبوو، خــۆڵی مـەرگێکی ئارام باریبـوو، کپ و بێدەنگ بوو. ڕاستـە و ڕاست لە ناو ئەم دۆزەخەدا تەنیا درەختێکـی تووس، موجیزەئاسا، لە بەڵا ڕزگاری بووبوو، بەپێوە وەک خۆی ڕاوەستابوو. لق و پۆپەکانـی، کــە بەر پارچـە ســاچـمـەی گــولله تـۆپ کــەوتبــوون، بـەدەم باوە دەجــووڵان و لەنـێــوان گــەڵا تەنکە تازەکــانـیــەوە بـا دڵنـەوازیی دەکردن.

ئەمــەیە ئەو دارســتــانەی کــە وا خــەریک بووین بەنـاویان تێ دەپەڕین. سـەربازی بێتـەلچی، کە لە پێـشـەوەی من دەڕۆیشت، دەستی دڵنـەواییی بەسـەر تەنەی درەختەکەیان هێنـا، بەسەیر و سەمەرە و دڵسۆزیی ئامێتە بەخۆشەویستییەوە لێی دەپرسی:

«ئازیزەکـەم، چیت کرد کـەوا لەم فەلاکـەتە بەسـەلامـەتی دەرباز بووی؟» هـەر جـارێ کـە گوللەتۆپ بەر دار کـاژێ بکـەوێ، تەنەی وەکـو گیـای درەوکـراوی لـێ دێ و زرم دەڕمـێـتـە سـەر ئەرز و لەو جـێگەوەی کــە دەبڕێتــەوە نـووکـی تیـژ و قـەترە ڕۆشنی شـیـری

چەسپ دەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر گوللە بەر داربەڕوو بکەوێ ئەوە بەجۆرێکی تر مەرگی خۆی دەبینێ.

لە بەهاردا گوللەتۆپێکی ئەڵمانەکان بەر تەنەی داربەڕوویەکی کۆنە ساڵ دەکەوێ، کە لە قەراغی ڕووبارێکی بچووکی بێ ئاودا ڕوابوو، دەلاقەیەکی وا لە تەنە ئەستوورەکەی دەکاتەوە کە نیوەی درەختەکە وشک دەکا و نیوەی تری بەڕووی ئاوی ڕووبارەکەدا دەچەمێ؛ ئەمجا لەگەڵ سەرەتای بەهاردا، موعجیزەئاسا دەژیێتەوە و تەمەنی دەست پێ دەکاتەوە و، گەڵای تەڕ و تازە دەیڕازێنێتەوە. من خۆم ئەو درەختەم دیوە و دڵنیام کە لقەکانی پاینی ئەو بەڕووە بریندارە هێشتا بەڕووی ئاوی ڕووبارەکەوە مەلەوانی دەکەن، لقەکانی سەر باڵاش گەڵا جوانە وشکبووەکانی هەروا بەپەرۆشەوە بەرەو هەتاو هەڵدەخا.

***

مولازم (گراسیمۆف)، کە پیاوێکی باڵابەرز و پشتی کەمێ کۆماو و شانەکانی وەکو شانی داڵاش بەرەو باڵا دەچوون. لەبەر دەرگای ژێر زەوییەکە دانیشتبوو، بەدرێژی باسی سەرکەوتنی شەڕەکەی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕاینەوە کە چۆن هێرشی تانکی دوژمن، لە لایەن فەوجی ژێر فەرمانی خۆیەوە، سەرکوت کرا و تێک شکێنرا.



گراسیمۆف بەدەموچاو لە ڕوودا ئارام، بەڵام خوێن ساردبوو. پێڵوە ئاوساوەکانی چاوەکانی تەنگتر پیشان دەدان. بەدەنگی کەرخ و پچڕپچڕ قسەی دەکرد و جاروبار پەنجە ئەستوورەکانی بەیەکا هەڵدەگوشی، ئەم حاڵەتەی کە بەئاشکرا خەمی گران و دڵغەی خەماویی ئەوی دەدرکاند، بەهیچ جۆرێ لەگەڵ جەستەی توند و مەند و سیمای مێرانەی ئەودا نەدەگونجا.

لەناکاو قسەی خۆی بڕی، لۆچی دەموچاوی بەیەکاچوون، ڕەنگ لە ڕوومەتی گەنم ڕەنگی پەڕی و دەماری چارەی گرژ بوو لە چاوانی، کە بەنوختەیەکی دووری بڕیبوون، گڕی بڵێسە دانەمرکاوی ڕقوکینە زمانەی دەکێشا و منیش بێ ئەوەی بەدەستی خۆم بێ، چاوم لەو نوختەیە بڕی. سێ دیلی ئەڵمانیم بەرچاو کەوتن، لەلای خەتی بەرگریی ئێمەوە، بەڕۆخی دارستانەکەدا بەرەو لامان دەهاتن. تەنیا یەک سەربازی ئێمەیان لەتەکدا بوو، بەبلووزێکی کۆنە و هەتاوبردووی ڕەنگ هەڵگەڕاو لە بەری و کڵاوێکی لە سەری، هەرسێ بەدیلگیراوەکانی لەبەر دابوو.

سەربازەکە سەلانە سەلانە هەنگاوی دەهاوێشت و تفەنگەکەی بەدەستەوە گرتبوو، کە ئەم هەنگاوێکی بنابا تفەنگەکەشی لەگەڵ جووڵەی لاقی پێش و پاش تەکان دەدا و سەرەنێزەکەی لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە. دیلە

ئەڵمانییەکان لەسەرخۆ و بەپۆتینی قوڕاوی، شل شل دەڕۆیشتن.

دیلێکیان، کە تا ڕادەیەک بەناو ساڵانەوە چووبوو ڕوومەتی قۆپاو و سمێڵ و ڕیشی زبر و هاتووی هەبوو، لە پێشەوە دەڕۆیشت؛ هەرکە گەیشتە کەناری سەنگەرە سەرگیراوەکەمان بەنیگایەکی پڕ لە قین و پەستی، وەک گورگێکی بریندار گوللەی بەرکەوتبێ ڕوانییە ئێمە و خێرا ڕووی وەرگەڕاند و کڵاوەکەی کە بەپشتییەوە هەڵیواسیبوو، جموجۆڕ کرد. لێرەدا بوو کە ملازم گراسیمۆف چیتر خۆی پێ ڕانەگیرا و لە جێگەی خۆی ڕاپەڕی و بەسەر سەربازەکەی خۆماندا قیژاندی:

– لەگەڵ دیلەکان خەریکی پیاسەی ... یا دەچی تەحویلیان بدەی؟! قاچ هەڵگرە... لەگەڵ تۆمە... زووبە...!

دیاربوو دەیویست شتێکی تر بڵێ، بەڵام وا تووڕە و بەکوڵ هاتبوو کە هەناسەی سوار بوو، قسەی تری پێ نەکرا. خێرا ڕووی وەرگێڕاو بەپلەکانا بەرەو ژووری پەناگاکە هات.

کۆمیسێری (کادیری) سیاسیی فەوجەکە، کە لەودەمەدا لەوێ بوو تێبینیی کرد من چ سەرسامییەک دای گرتم، هەر بۆیەش ویستی بۆم ڕوون بکاتەوە و بەئێواشی وتی:

– «چ لە دەسەڵاتا نییە بکرێ؟ ئێجگار عەسەبییە. ئەو



نەخۆشییە لە دەورانی دیلێتییا تووشی بووە. ئەی بۆچی قەت نەتزانیوە کە لەمەوبەر دیلی دەستی ئەڵمانەکان بووە؟! ئەگەر هەلێک ڕێک کەوت، بتەوێ بۆت دەیگێڕێتەوە. لە دیلێتیدا فرە دەردی چێشتووە. بۆیەش ئێستە چاوی بەرایی نایە هیتلەرییەکان بەزیندوویی ببینێ.

ئەوەیە ڕاستییەکەی. ناتوانێ بیانبینێ کە زیندوون! گوێ بەمردنیان نادا، یا کراوەتر بڵێم کە بەلەزەتەوە تەماشای کەلەشی ئەڵمانەکان دەکا. بەڵام کاتێ چاوی بەدیلەکانیان دەکەوێ ڕەنگ لە ڕوویا نامێنێ و لە ئارەقا دەخووسێ. لە جێی وادا یا چاوی خۆی دەگرێ تا نەیانبینێ، یا لێیان دوور دەکەوێتەوە».

کۆمیسێرەکە خۆی لە من نزیکتر کردەوە و بەدەنگێکی نزمتر گوتی:

– «دووجار لە هێرشبردنی سەر دوژمندا لەگەڵی بوومە. ئەوەندەی هێستریێک بەتاقەتە. خۆزیا بتزانیبا لە مەیدانی شەڕدا چی دەکا!... هەموو جۆرێکم لە شەڕدا دیوە... بەڵام ئەو کارەی ئەو، بەسەرنیزە و قۆناخە تفەنگ دەیکا، لە هیچ کەسێکی دیم نەدیووە! بەڵایەکە بۆ خۆی!»

***

هەر کە شەوگار داهات ئەڵمانەکان بەتۆپخانەی قورس گوللەبارانیان کردین، گوللەبارانێکی تۆقێنەر و هەراسانکەر. هەر کاتێ، لە مەودای وەک یەکدا، گوللەتۆپیان دەوەشاند و پاش نەختێک گوللەکان بەبالآی سەرمانا، لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا، لوورەیان دەهات، تێ دەپەڕین و دوور دەکەوتنەوە و بەدرێژاییی ئەو جادەیە، کە بەڕۆژ کامیون دوای کامیون تەقەمەنی و تفاقی شەڕیان بۆ بەرەی ئێمە دەهێنا، وەکو شریقەی هەور دەتەقینەوە و بەبڵێسەی زەردڕەنگ ئاسۆیان ڕووناک دەکردەوە.

لە نێوانی تەقینەوەیەک نا تەقینەوەیەکدا، کاتێ کە کەمێ دارستانەکە مات و بێدەنگ دەما، وزەی باریکی مێشوولە و قۆڕەقۆڕی بۆقی گۆماوەکەی تەنیشتمان، کە ئەوانیش لە گوللەبارانەکە هەراسان بوون، بەرگوێ دەکەوت.

لە ژێر درەختی بندقدا ڕاکشابووین و مولازم گراسیمۆف لە حاڵێکدا کە لقە شکاوێکی درەختی بەدەستەوە بوو، بەوە مێشوولە نا پەسەندەکانی لەخۆ دوور دەخستەوە، ئارام لەسەرخۆ بەسەرهاتەکانی بۆ دەگێڕامەوە، منیش هەر بەهەمان جۆر کە لە یادم ماوە باسیان دەکەم:

– پێش شەڕ وەکو میکانیکێک لە کارگەیەکی سیبیریای



ڕۆژئاوا کارم دەکرد. نۆی گەلاوێژی ساڵی پار بۆ سوپا بانگ کرام. خێزانەکەم بریتییە لە ئافرەتێک، دوو منالّ و باوکێکی پەککەوتوو. وەختێ خواحافیزی، وەکو باوە، ژنەکەم کەمێ گریا و چەند ئامۆژگاریشی پێ ڕاسپاردم:

– «چاک بەرگری بکەی لە نیشتیمان و خێزانەکەت. ئەگەر پێویستیش بوو بۆ سەرکەوتن، گیان فیدا بکەی».

لە یادمە هاتمە پێکەنین و لە وەڵامیدا وتم:

– «تۆ هاوسەری منی یا پڕوپاگەندەچیی بنەماڵەمانی؟! من منالّ نیم. فەرمانی خۆم باش دەزانم. سەبارەت بەسەرکەوتنیش دڵ بەدلا مەدە، لە قوڕگی فاشیستەکانیش بێ دەری دەهێنین!»

باوکم کە قایمتر خۆی ڕاگرتبوو، ئەویش چەند ئامۆژگاریی کردم:

–«فیکتۆر، بڕوانە! بنەماڵەی گراسیمۆف بنەماڵەیەکی سادە نییە. هەمیشە پشتاوپشت کرێکار بوونە. باوکی باپیرەت لە کارگەی ئوستوگانۆفدا کاری کردووە. ئەم بنەماڵەیەی ئێمە سەدان ساڵە کە بۆ وڵات ئاسن دەردەکەن، دەخوازم تۆش لەم شەڕەدا ئاسنین بی. دەوڵەت دەوڵەتی چینەکەی خۆتە. پێشی شەڕ تۆیان وەکو ئەفسەری ئیحتیات ئامادە کردووە و ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتووە بەبێ بەزەیی دوژمن بکوتی».

وتم:- «بابە گیان! چۆن دەفەرمووی وا دەکەم!»

لەسەر ڕێگام بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر سەرم لە لیژنەی ناوچەی حزب دا، لێپرسراوی لیژنەکەمان کابرایەکی ڕەق و وشک، بەڵام زانا بوو. لە خۆمەوە دەمگوت ئەگەر ژنەکەم و باوکم وەختی خواحافیزی ئەوەندە ئامۆژگارییان کردم، دەبێ هەڤاڵی لێپرسراو چەند خەریکم بکا، هەر لێم نابێتەوە، دەبێ بۆ گوێگرتنی وتارێکی نیو سەعاتیی ئەو ئامادە ببم!

بەڵام کارەکە دروست بەپێچەوانەی بۆچوونەکەم هاتە پێشەوە، هەرکە گەیشتم بە بارەگای لێژنەی حزب، وتی:

- «گراسیمۆف، دانیشە! با بەپێی ڕەوشتی دێرینەی ڕووسەکان پێش ڕۆیشتن چەند دەقیقە دابنیشین!».

نەختێک بێدەنگ دانیشتین. ئەمجا هەڵساوە سەرپێ. دیتم کە دەوری چاوی بەفرمێسک تەڕبووە. لە دڵی خۆمەوە وتم: لەم زەمەنەدا چ موعجیزەگەلێک ڕوو دەدەن! لێپرسراوی ناوچە خۆی جموجۆڕ کرد و وتی:

- «هەڤاڵ گراسیمۆف! مەسەلە ئاشکرا و ڕوونە، من لەم ڕۆژەوە دەتناسم کە هێشتا منداڵ بووی و دەسماڵی پێشەنگیت دەبەستە مل. پاشان چوویتە ڕیزی کومسومۆل و ئەوەتا ئەمەش دوو ساڵە ئەندامی حزبی. بڕۆ ئەو بەدکارانە بەبێ ڕەحم



بکوتەوە! حزب ئومێدەوارە».

بۆ یەکەم جار لە تەمەندا منی گرتە باوەش و یەکترمان ماچ کرد. سەیرە! هەر لەودەمەوە ئیدی وەکو جاران پیاوێکی وشک ناهێتە بەرچاو. دڵسۆزیی ئەو وا دڵگەرمی کردم لە لێژنەی ناوچەکە بەشادی و شەوقەوە چوومە دەرێ. قسەی ژنەکەشم شادمانی کردم. بۆ خۆت دەزانی ئافرەتێک نییە لە کاتی بەڕێخستنی مێردەکەی بۆ مەیدانی شەڕ ئارام و لەسەرخۆ بێ. بەڵێ! ژنەکەی منیش کەمێ تێک چوو، خەم دایگرت. ئەو کە هاتبووە ئێستگەی شەمەندەفەر، تا بۆ دواجار خواحافیزیم لەگەڵدا بکا، هەر هەوڵی دەدا شتێکی گرینگم پێ بڵێ، بەڵام هۆشی لای خۆی نەبوو. شەمەندەفەرەکە بەئەسپایی کەوتەڕێ، ئەویش بەدەم ڕۆیشتەوە لەگەڵ فارگۆنەکە دەستی گرتبووم و خێرا خێرا قسەی دەکرد:

- فیکتۆر، بڕوانە! وریای خۆت بە نەک لە بەرە سەرما لێت بدات!».

وەڵامم دایەوە:

-«نادیا! خەیاڵت ئاسوودە بێ! وریای خۆم دەبم. سەرمام نابێ. هەوای ئەوێ زۆر خۆشە. نە زیاد ساردە و نە زیاد گەرم!».

کە لە یەک دابڕاین هەستم بەتاڵی جودایی کرد و لە هەمان باریشدا قسە سادە و ئەویندارەکەی ژنەکەم خۆشحاڵی کردبووم. لە دەروونما قینێک بەرامبەر بەئەڵمانەکان قوڵپی دا، لەبەرخۆمەوە وتم:

– «ئاهای! دراوسێی پەیمانشکێن! ئێستا کە دەستت بەڕووی ئێمە بەرز دەکەیتەوە، خۆت ڕاگرە! هاتین ... پەندێکی وات پێ بدەین خوات بینێتە بەرچاو!».

گراسیمۆف ساتێک بێدەنگ بوو و گوێی شل کرد بۆ خرمەی دەستڕێژی ڕەشاشێک کە دەنگی لە هیڵی پێشەوەی شەڕ دەهات. دەستڕێژەکە چۆن لە پڕ دەستی پێ کردبوو ئاوەهاش لەناکاو بڕا. گراسیمۆف درێژەی بەباسەکە دا:

– پێش شەڕ لە ئەڵمانیاوە ئامێر و کەرەستەی ماشێن بەکارگەکەمان دەگەیشت. لە کاتی سوارکردنی ئامێرەکان پێنج شەش جار لێیان ورد دەبوومەوە، هیچ عەیبەم تێیاندا نەدەدی. دیاربوو دەستی کارزان و کارامەگەل دروستی کردبوون. زۆربەی وەخت دانراوی نووسەرە ئەڵمانییەکانم دەخوێندەوە. خۆشیانم دەویست. لە کانگای دڵەوە هەستم بەجۆرێ ڕێزلێنان دەکرد بەرامبەر خەڵکی ئەو وڵاتە. جاری واش بوو لە خۆمم دەپرسی کە چۆن میللەتێکی زەحمەتکێش و کارزان وەکو ئەو



میللەتە دەچێتە ژێر باری ڕژێمی شەرمهێنەری هیتلەرەوە، بەڵام ئەو گرفتە گرفتی خۆیانە. ئەوە بوو ڕۆژێک بیستم کە لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە شەڕ هەڵگیرساوە...

وەختێ بەشەمەندەفەر بۆ بەرە دەڕۆیشتم، بەخۆمم دەگوت:

– ئەڵمانەکان تەکتیکی چاک بەکاردێنن و سوپایەکی ناخورتیان نییە. شەڕ و بەیەکا هاتن لەگەڵ ڕەقیبێکی ئاوەهادا بەخۆی ڕێکەوتێکە جێگەی بایەخ و سەرنجدانە.

دەباشە! ئێمەش لەودەمە، ساڵی ١٩٤٢، ئەوەندە خورت بووین. ڕاستت پێ بڵێم لەم ڕەقیبەوە بەتەمای شەرەف و ویژدان نەبووم. هەر لە بنەڕەتەوە، وەختێ ئادەمیزاد لەگەڵ فاشیستەکانا دەشەڕێ، نابێ چاوەڕوانی شەرافەت و ویژدانپاکییان لێ بکات، بەڵام هەرگیز گومانم بۆ ئەوە نەدەچوو کە سوپای هیتلەر تا ئەم ڕادەیە نزم و پیس و نەگریس بێ. بەهەر حاڵ با ئەم باسە بۆ پاشان بەدوا بخەین.

دەستەکەی ئێمە لە کۆتاییی گەلاوێژدا، بەبەرە گەیشت. بەرەبەیانی ڕۆژی بیست و حەوتەمی گەلاوێژ کەوتینە ناو شەڕ، سەرەتا کە هێشتا بەبار و دۆخی شەڕ ڕانەهاتبووین تاڕادەیەک بەجێ ماین. تۆپهاوێژەکانی ئەڵمان، تەنگیان پێ هەڵچنیبووین، بەڵام دەمەو ئێوارە، کە ئیدی کەم کەم خۆمان گرتەوە و بەسەر

هەڵوێستدا زاڵبووین، دەردێکی چاکمان بەئەڵمانەکان دا و لە گوندەکە دەرمان کردن. هەر هەمان ڕۆژ نزیکەی یازدە ئەڵمانمان بەدیل گرت. دەڵێی ئەمڕۆیە ڕووی داوە، هەموو شتێک وەکو ڕۆژی ڕووناک لەبەرچاومە. دیلەکانیان هێنا، کە ڕەنگپەڕیو و تۆقیوو بوون. پاش بڕانەوەی شەڕەکە ئیدی جۆش و خرۆشیمان دامرکابوو، خەریک بووین پێشوازی لە دیلەکان بکەین.

هەر کەس لە ئێمە هەرچی بەدەست کەوتبا بۆ ئەوانی دەبرد، یەکێ ئامان، ئەوی تر جگەرە  یەکێکی تریش چای پێ دەدان. دۆستانە دەستیان بەسەر شانی دیلەکانا دەهێنا و بە (کومراد، کومراد) – هەڤاڵ– هەڤاڵ– بانگیان دەکردن و دەیانپرسی:

– «کومراد (هەڤاڵ)! توخوا بۆچی شەڕی ئێمە دەکەن؟!.

کۆنە سەربازێکمان، کە چاوی بەو دڵدانەوە و پێشوازییە هەست بزووێن و دۆستانەیەی ئێمە کەوت، بڕێک داما ئەمجا وتی:

– «دەبینم بەدیداری ئەو (دۆستانە!) وا شاد و خۆشحاڵن کە هەمووتان بە (کومراد) ناویان دەبەن. بەڵام حەزم دەکرد ئا ئێستا چاوتان لێبا کە لە پشت بەرە ئەو (دۆستانە) چ دەکەن و چی بەسەر بریندار و مەدەنییەکانمان دێنن!».



ئەمەی وت و ڕۆیشت، وەکو بڵێی سەتڵێ ئاوی ساردی بەسەرمانا کردبێ ...

ئەوەندەشی پێ نەچوو کە نۆرەی ئێمە هات تا پێش بکەوین و پاشەکشە بەدوژمن بکەین، لێرەدا بوو دیمان، بەڵام چ دیمەنێک! گوندگەلی سووتاو، سەدان ئافرەت و مناڵ و پیرەمێردی گوللەبارانکراو، لەشی ئەشکەنجەدراوی سەربازە بەدیلگیراوەکانمان و دەیان تەرمی ئافرەت و کیژ و تەنانەت کیژۆڵەی نابالقیش، کە کێوییانە کوژرابوون و، پێش کوشتن دەستیان بۆ درێژ کردبوون.

دیمەنێک لەو دیمەنانە هێشتا هەر لەبەرچاوم ماوە:

کیژۆڵەیەکی یازدە دوازدە ساڵە، کە وەکو دیار بوو لە ڕێگای بۆ قوتابخانە کەوتبووە دەستی ئەڵمانەکان، ڕایان کێشابوە ناو بێستانێک و لەوێ ڕووتیان کردبووە و نامەردانە تا بۆیان کرابێ دەستیان بۆ درێژ کردبوو. لەشی ئەم کیژۆڵە، کە زیاتر لە مناڵێکی ساوا دەچوو، لەسەر پەتەکی پێشێلراوی پەتاتە، پاڵ خرابوو و کتێب و دەفتەرە خوێناوییەکانی بەدەوروبەریا پەرژوبڵاو ببوون ... دەمووچاویشی بەزەبری سەرنێزە شەق و پەق کرابوو. جانتاکەشی، کە دەم بەتاک مابوو، هێشتا هەر بەدەستییەوە بوو. پارچەیەکی سپیمان بەسەر تەرمە

چکۆڵەکەیدا دا و بێدەنگ و بێ جووڵە لە تەنیشتی ڕاوەستاین. پاشان سەربازەکان، هەروا بێدەنگ بڵاوەیان پێ کرد. بەڵام من پێم نەکرا بڕۆم. لە یادمە کە وەکو شێت، لە ژێر لێوەوە، دەمخوێند: «جوگرافیای سروشتی. نووسینی بارکۆف و پالوویبکین، بۆ دەورەی یەکەم و دووەمی ئامادەیی». ئەو کتێبەم، لە ناو ئەو کتێبانەی کە لەسەر گژوگیای بێستانەکە پەرژوبڵاو بوون، بەرچاو کەوت، ئەو کتێبەم باش دەناسی، چونکە کچەکەی منیش قوتابیی هەمان قۆناخ بوو.

ئەو کارەساتە لە ڕۆخی (ڕوژین) ڕووی دابوو. لە دەوروبەری (ئیسکویرا)ش تووشی دەرەیەک بووین کە جێگەی ئازاردان و کوشتنی سەربازە دیلەکانمان بوو. ئایا هیچ سەرت لە سەربڕگە داوە؟ ئەوەی لەوێ بەرچاومان کەوت کوتومت لە سەبڕگە دەچوو: لەشی خوێناویی بێ دەست و بێ پێ، کە تا نیوە کەوڵ کراون و، بەلقی درەختەوە هەڵواسراون ... هەشت تەرمی تر لە بنی ئەو دەورەدا بەسەریەکا کۆمەڵ کراون، پێمان ناکرێ بزانین کام دەست و پێ هی کامە لەشن. هەر ئەوەندە چەند پارچە گۆشت بەسەریەکا کەلەک کراون و هەشت کڵاوی سەربازی، چۆن ئامان بخەیتە ناو یەک، ئاوا ئاخنراونەتە ناوی یەکتر و لەسەر ئەو کۆمەڵە گۆشتە دانراون.

خەیاڵ دەکەم بتوانم هەرچیم بەرچاو کەوتبێ بێنمە سەرزمان



و بۆت بگێڕمەوە؟! نەخێر! ناتوانم، چونکە وشەی وا پەیدا نابن و نایەنە گوتن. دەبێ بەخۆت بچی و بەچاوی خۆت ببینی ... دە چاکترە لەم بارەوە چیتر لەسەری نەڕۆم...».

مولازم گراسیمۆف نەختێک بێدەنگ بوو. بەهەلم زانی بپرسم:

– «بۆم هەیە لێرە جگەرە بکێشم؟!».

بەدەنگێکی خنکاو وەڵامی دامەوە:

– «بەڵێ، دەشێ! بەڵام دەبێ جگەرەکەت بەناو لەپت دابپۆشی».

خۆشی جگەرەیەکی داگیرساند و لەسەر باسەکەی ڕۆیشت:

–«وەختێ کە دیمان ئەڵمانەکان چ کووشت و کوشتارێکیان کردووە، لە ڕەگ و خوێنی ئێمەشدا خووی دڕندایەتی ڕوا، تێ گەیشتین کەوا لەگەڵ گورگی هاری خوێنمژدا دەشەڕین، نەک لەگەڵ مرۆڤدا. دەرکەوت ئەڵمانەکان چەند لە ئامێر و کەرستەسازیدا کارزان و وردن، ئەوەندەش بۆ کووشتن و هەڵواسین و دەستدرێژی بۆ سەر ئابڕووی میللەتەکەمان کارزانی و وردی بەکاردەهێنن!... پاشان، بۆ جارێکی تر، ناچاربووین پاشەکشێ بکەین، بەڵام بەهەر حاڵ پیاوانە شەڕمان دەکرد.

نزیکەی بەگشت تاکەکانی بەتالیۆنەکەمان خەڵکی سیبریا بوون، سەرەڕای ئەوەش فیداکارانە و بێباکانە بەرگرییان لە سەر زەویی ئۆکرانیا دەکرد. ژمارەیەکی زیاد لە هاوشارەکانم لەسەر خاکی ئۆکرانیادا شەهید کران، بەڵام بەرامبەر بەوە چەندین بەرامبەر لە دوژمن هەر لەو سەر زەمینەدا کوژران. ڕاستە کە پاشەکشێمان دەکرد بەڵام مێرانە زەبرمان تێ دەسراواندن».

مولازم گراسیمۆف بەتوندی دووکەڵی جگەرەکەی هەڵمژی و بەدەنگێکی نزمتر وتی:

– ئۆکراین سەر زەوییەکی جوانە، خاوەن سروشتێکی بێ هاوتا و بێ وێنەیە. بۆ هەر گوندێکی لە دڵمانا جۆرە خۆشەویستییەک هێلانەی کردبوو. لەوەیە هەر بەو هۆیەوە بوو کە لەوێ بێ پەروا و باک خوێنمان دەڕشت و، خوێنیش–وەکو دەڵێن– خزمایەتی لە نێوان خەڵکدا پەیدا دەکا... بۆیەش هەر جارێ کە بەناچار لە گوندێک پاشەکشێمان دەکرد دەرد و خەفەت دڵی دەگوشین و ئاگر لە جەرگمان بەر دەبوو، کە ئەوێمان بەجێ دەهێشت هەموو وەکو ئازیزێکی نێژراو بەجێ بهێڵین سەرمان دادەنواند و دەڕۆیشتین و کەسمان زاتی ئەوەی نەدەکرد چاو ببڕێتە چاوی ئەوی تر.

... هەرگیز بیرم بەلای ئەوەدا نەدەچوو ڕۆژێک لە ڕۆژان



منیش بەدیل بگیرێم. بەڵام دیل کرام.

سەرەتای ئەیلوول، بۆ یەکەم جار، بریندار کرام، بەڵام هەر لە بەرە مامەوە. ڕۆژی بیست و یەکەمی ئەیلوول لە شەڕێک کە لە دەوروبەری دنیسوفا لە ناوچەی پاڵتاوا رووی دا، جارێکی تر بریندار کرام و هەر لەوێش بەدیل گیرام.

تانکی ئەڵمانەکان باڵی چەپی ئێمەیان شەق کرد و بەدوای ئەودا سەربازی پیادەی دوژمن وەکو مێرووله بەو دەشتە وەربوون. ئێمە شەڕی ئەوەمان دەکرد تا ئەڵقەی گەمارۆی دوژمن بشکێنین. بەتالیۆنەکەی من لەو شەڕەدا زیانێکی زیادی بەرکەوت. دووجار هێرشی تانکی دوژمنمان بەربەست کرد. شەش تانک و زریپۆشمان لە کار خست. لە ناو کێڵگەیەکی گەنمەشامیدا نزیکەی سەد و بیست هیتلەریمان لەناوبرد. لەو وەختەدا بوو کە تۆپیان خستە کار و بەخەستی ئێمەیان تۆمپاران کرد، ئیدی ناچار بووین ئەو تەپەیە بەربدەین کە لە نیوەڕۆوە تا سات چوار بەدەستمانەوە بوو. لە دەمەوبەیانەوە هەوا هەر گەرم و ئاسمان ساف بوو، بچووکترین پەڵەهەوری لێ نەبوو و گڕی هەتاو ئەوەندە بەتین بوو هەموومان لە گەرمادا هانە هانمان بوو.

گولله تۆپەکان بە دوای یەک دەتەقینەوە. لە یادمە تینوویەکی وا بووین کەوا لێوی سەربازەکانمان گشتی شین هەڵگەڕابوو و

منیش بەدەنگێکی گیراو، کە قەت لە دەنگی خۆمی نەدەکرد، دەستوورم دەدا. لەو کاتەدا کە بەڕاکردن لە دۆڵەکە ڕەتبووین گوللە تۆپێک لەبەر پێم تەقییەوە. تەنیا ئەستوونێکی تەپوتۆزی ڕەشم دی کە بەرەو ئاسمان هەڵدەستا و چیتر ئاگام لە خۆم نەما و دواجار زانیم کە ساچمەی گوللە تۆپەکە کڵاوزرێیەکەی کون کون کردبووم و پارچەیەکی ساچمەش چەقیبووە شانی ڕاستم.

نازانم چەند بێ هۆش بووم، بەڵام لە یادمە کە لە دەنگی زرمەی پێ هاتمەوە سەر هۆشی خۆم؛ سەرم بڵند کردەوە، تێ گەیشتم کە لە جێگەی کەوتنم نەماوە. بلووزیان لەبەر داکەندبووم و تەواوی شانیان پێچابووم و کڵاوزرێکەم لەسەرم نەبوو، لەسەر سنگم بەدارەوە کرابوو، بۆ نەختێک وام بەخەیاڵ هات ئەوە سەربازەکانی خۆمن منیان بەدەست گواستووەتەوە و خێرا برینەکەیان تیمار کردووم. بەسەختی سەرم بڵند کردەوە بەو ئومێدەی سەربازەکانم ببینم. بەڵام چاوم بەئەڵمانەکان کەوت کەوا خێرا بەرەو لام دێن. نەخێر! ئەمە خۆمانی و دەنگی پێی ئەوان نییە کە منیان هێناوەتە هۆش... ئەوانم بەڕوونی دەدی، دروست وەکو ڕووی پەردەی سینەما. لە دەوروبەرم گەڕام بەڵام هیچ جۆرە چەکێک نەبوو: نە دەمانچەی ژوفولفەر و نە تفەنگ نە نارنجۆک... نەخشەی ڕێنوێنی و چەکەکانم



کەوتبوونە دەستی سەربازێکی خۆم کە لەگەڵ خۆی بردبووی.

بیرم کردەوە «مەرگ ئەوەتا بەرەو لام دێ!» نایەتە یادم کە لەو ترووکەیەدا بیرم لە شتێکی تر کردبێتەوە. ئەگەر دەتەوێ لە بەسەرهاتی من چیرۆکێک بنووسی، شتێک لەخۆتەوە بخەرە سەری، چونکە لەو ترووکەیەدا دەرفەتم نەبوو بیر لە شتێکی تر بکەمەوە. ئەڵمانەکان گەیشتبوونە نزیکم و من نەمدەویست بەپاڵەوە بمرم. مەسەلەکە سادەیە ئایا ئاگات لە منە؟ نەمدەخواست و نەمدەتوانی بەپاڵەوە بمرم؛ چی هێزم تیا مابوو بەکارم هێنا و خۆم دا بەسەردەستما تا لەسەر چۆک دانیشم. دیسان هەوڵم دا تا ئەوان گەیشتن هەڵسامەوە سەرپێ، ڕاوەستام بەڵام لەترم دەدا، دەترسام بکەومەوە و ئەوان سەرنێزەکانیان بکەن بە لەشما. دەموچاوی هیچ کامەیان نایەتە یاد. دوورم وەستا بوون و لەناو خۆیاندا دەئاخڤتن و پێ دەکەنین. وتم: «چاکە! بەدفەڕینە دەمکوژن! چونکە چیتر هێزم نەماوە و دەکەوم!» یەکێکیان هات و وا بەقۆناخە تفەنگەکەی لە گەردەنی دام کە کەوتمە زەوی بەڵام دەسبەجێ هەستامەوە. ئەوان دایانە قاقای پێکەنین و یەکێکیان بەدەست فەرمانی دا کە (بەڕێ کەوە!). منیش بەڕێ کەوتم. توێژێکی ناسکی خوێنی داگیرساو دەموچاوی داپۆشیبووم. هێشتا خوێنی گەرمی لینجک لە برینەکەی سەرم دەهات. شانم ئازاری هەبوو و

نەمدەتوانی دەستی ڕاستم ڕاست بکەمەوە. لە یادمە زۆر حەزم دەکرد ڕاکێشم و قەت جووڵە نەکەم، ناچار بووم پێ هەڵگرم و ملی ڕێ بگرم.

نەخێر! حەزم دەکرد بمرم و نەمدەویست بەدیلێتی بمێنم. زۆر بەزەحمەت بەرامبەر سەرەگێژی و ڕشانەوە خۆم پێ ڕاگیرابوو. هەروا دەڕۆیشتم. کەواتە زانیم هێشتا زیندووم و بەیەکجاری پەکم نەکەوتووە. ئای، ئەگەر بزانی لەبەر تێنوویێتی چ دەردێکم دەچێشت! زارم وشک بوو و تارماییـیەکی ڕەش لەبەرچاوم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. بێ هۆش بووم، سەرەڕای ئەوەش هەنگاوم دەنا و بەخۆمم دەگوت: «هەر ئەوەندە قومێ ئاو بخۆمەوە و بحەسێمەوە دەسبەجێ را دەکەم».

دیلەکانیان گشت لە ڕۆخی بێشەلانێک کۆکردبوونەوە و ڕێزیان کردبوون، هەموو ئەوانی تر سەربازی هێزەکەی تەنیشتی ئێمە بوون. زۆربەی دیلەکان برینداربوون، مولازمێکی ئەڵمانی، بەزمانی ڕووسیی تێکەڵ و پێکەڵ، پرسیاری لێ کردین ئایا لەناومانا کەس هەیە کادیری سیاسی یا فەرماندەی عەسکەری بێ. هەموو بێدەنگ وین. کابرا دەستووری دا: «کادیر و فەرماندەکان! دوو پێ بەرەو پێش!». کەس بەرەو پێش پێی هەڵنەهێنا.



مولازمەکە هێدی هێدی بەپێش ڕیزەکانماندا ڕۆیشت و پازدە شازدە کەسی لێ هەڵبژاردین کە شێوەیان لە (جوو) دەچوو. لە هەر یەک لەوانەی کە دەپرسی: «یودە!» واتە: جوی –، ئیدی بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بێ دەستووری دەدا کە لە ڕیز بچێتە دەرێ. ئەوانە جوو و ئەرمەنی و هەندێ لە نەژادی ڕووس بوون کە چارەیان گەنم ڕەنگ و قژی سەریان ڕەش بوو. ئەوانەیان لەولا ڕیز کرد و بەبەرچاوی ئێمەوە گوللەبارانیان کردن. ئەمجا خێرا خێرا کەوتنە گەڕانی گیرفانی ئێمە و چیمان هەبوو و نەبوو، بەجزدانی باخڵیشەوە، هەموویان برد. من بۆ ئەوەی هیچ وەختێ پسوولەی ئەندامێتی حزبی ون نەکەم، قەت ئەوەم نەدەخستە ناو جزدانەکەم. هەر بۆیەش نەیاندۆزییەوە. ئەمما – کاکەگیان– ئینسان شتێکی سەیرە: چاک دەمزانی کە مان و نەمانم بەتەلێکی باریکەوە بەندە و ئەگەر لە کاتی هەڵاتندا، وەکو نیازم بوو هەڵبێم نەمکوژن بەهەر حاڵ بەدەم ڕێگاوە دەمکوژن، چونکە خوێنێکی زۆرم لێ چوو بوو نەمدەتوانی پێ بەپێی دیلەکانی تر بڕۆم و هەر کەس لە کاروان بەجێ بمێنێ دەیکوژن. بەڵام وەختێ لە گەڕانی گیرفانەکان بوونەوە و پسوولەکەی ئەندامێتیی حزبیمیان بەر دەست نەکەوت ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە هەتا تێنوێتیشم لەبیر چوو!

دووباره ئێمەیان ڕێز کرد و بەرەو ڕۆژهەڵات خستینیانە ڕێ. ژمارەیەکی زۆر پاسەوان هەردوو لای جادەیان گرتبوو و دە موتور سواریش بەشوێنمانەوە. ئێمەیان (بەرەو پێش) دا لەبەر. هەستم دەکرد خەریکە وزەم لێ دەبڕێ.

دووجار کەوتم و دەسبەجێ هەستامەوە. دەمزانی ئەگەر زوو بڵند نەبمەوە و کاروانی دیلەکان لێم تێ پەڕن، ئەوە هەر لەوێ لەسەر جادە دەمکوژن. هەمان ئەو بەڵایە بەسەر عەریفێکدا هات. ئەو لە پێشەوەی من دەڕۆیشت. قاچی بریندار بوو و زۆر بەسەختی بۆی هەڵدەبڕا. ناو بەناو، بەبێ خواستی خۆی، بەدەم ئازاری قاچییەوە دەینالاند. هێشتا یەک کیلۆمەتر نەڕۆیشتبووین کە عەریفە دیلەکە لە چەقی جادە دانیشت و بەدەنگێکی بەرز وتی:

– نا، ئیتر ناتوانم... هەڤالان، خواحافیز!

ئەوانەی دەوروبەری هەوڵیان دەدا بڵندی کەنەوە و لەسەر پێی ڕابگرن، بەڵام ئەو دووبارە بەدەوری خۆیا دەخوولا و دەکەوتەوە. ڕەنگی هەڵگەڕایەوە و ئەبرۆکانی هاتنەوە یەک، چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی هەمیشە لەبەرچاومن. وەکو دەڵێی تەواوی ئەوانەم لە خەوندا دیون. کاروانی دیلەکان تێ پەڕین و ئەو بەجێ ما. بەدەم ڕێگەوە ڕووم وەرگەڕاند و دیم کە موتور سوارێکی ئەڵمانی خۆی لێ نزیک خستەوە و بێ ئەوەی دابەزێ



دەمانچەکەی لە کیفکەکەی دەرهێنا و لوولەی خستە بناگوێی عەریفەکە و پەنجەی بەپلەپیتکەیا هێنا. پێش گەیشتن بەڕووبارەکە چەند دیلی تر، کە لە کاوران بەجێ مان، بەدەستی ئەڵمانەکان کوژران. هەرکە چاوم کەوت بەو ڕووبارە و پردە وێرانەکەی و ئەو کامیۆنە کە لە قەراخی بوارەکە چەقیبوە گڵ، لەو ساتەدا بەدەما کەوتم. وا خەیاڵ نەکەی بێ هۆش بووم، نەخێر! وانییە. درێژار بەدەما کەوتم و زارم پڕ بوو لە خۆڵ. وا جاڕس و پەست بووبووم ددانەکانم جیڕ دەکردەوە خرمەخرمی خۆڵ لە نێوانی ددانەکانم دەهات. هەرچەندە تەکانم بەخۆم دەدا نەمدەتوانی هەڵسمە سەر پێ. هاوقەتارەکانم بەتەنیشتمدا تێ دەپەڕین. یەکێک بەئێواشی وتی: «هەستە، ئەگەر نا دەتکوژن!»، بەقامکم لچی خۆمم هەڵدەدڕی و زۆرم بۆ چاوی خۆ دەهێنا بەڵکو ئازار بمگرێ و لە تاوی ئێش و ئازار ناچار بم هەستمە سەرپێ!

قەتاری دیلەکان ڕەت دەبوو و دەنگی چەرخی موتورسایلکەکان نزیک دەکەوتەوە. بەهەر حاڵێک بوو هەستام. بێ ئاوڕدانەوە لە موتورسوارەکان، بەلەترخواردن وەکو سەرخۆش، بەهەڵسوکەوت خۆم گەیاندە ناو هاوقەتارەکانم و لە دوا ڕیز جێگەی خۆمم کردەوە. لەبەر پەڕینەوەی تانک و کامیۆنی ئەڵمانەکان ئاوی ڕووبارەکە لیخن بوو. ئەو ئاوەی خواردمانەوە گەرم و لێڵ بوو، بەڵام بەلای ئێمەوە لە ئاوی گشت کانییەک

شیرنتر بوو. سەر و شانم تەڕ کرد و زۆر بەکەڵکم هات، گەشامەوە و هاتمە سەر خۆم و وزەیەکی تازەم گرتەبەر. ئیدی ئومێدەوار بووم کە جارێکی تر ناکەوم و لە ڕێگا بەجێ نامێنم.

زیاد لە ڕووبارەکە دوور نەکەوتینەوە کە تووشی ستوونێکی تانکی سووکی ئەڵمان بووین بەرەو ڕووی ئێمە دەهات. شوفێری تانکی پێشەوە، هەرکە زانیی ئێمە دیلین خێراتر لێی خوڕی و دای بەناو ئێمەدا، لە ڕیزەکانی پێشەوە ژمارەیەک دیل لە ژێر زنجیری تانکدا ئەنجن ئەنجن بوون. پاسەوان و موتورسوارەکان بەشادییەوە تەماشای ئەو دیمەنەیان دەکرد و قاقا پێ دەکەنین و دەستیان ڕادەوەشاند بۆ شوفێرەکان لە پەنجەرەی تانکەکانەوە سەریان هێنابووە دەرێ و بەفریاکێشان ئەوانیان هان دەدا. پاشان ئێمەیان ڕیز کرد و بەلێواری جادەکەدا ئێمەیان دایە پێش. چمان دەتوانی بکەین؟! ئەڵمانەکان مرۆگەلێکی دڵتەڕ و گاڵتەچین!

ئەو شەوە هەوڵی هەڵاتنم نەدا. دەمزانی ئەوە کارێکی ناکردەنییە، چونکە یەکەم زۆر خوێنم لێ چوو بوو و هەستم دەکرد زۆر بێ هێزم و دووەم لە ژێر چاودێری سەختی پاسەوانەکاندا بووین. لەبەرئەوە هیچ هەوڵدانێک بۆ هەڵاتن سەرنەدەکەوت. بەڵام پاشان هەزاران جار خۆم خواردەوە تفم لەخۆ دەکرد بۆچی شەوی یەکەم هەوڵم نەدا را بکەم.



بۆ بەیانی ئێمەیان بەناو گوندێکدا ڕەت کرد کە یەکەیەکی (وحدە) تانکی ئەڵمانیی تیا جێگیر بووبوو. سەربازە ئەڵمانەکان ڕژانە سەر کۆڵانەکان تا تەماشامان بکەن. پاسەوانەکان ناچاریان کردین تا بەدرێژایی ناو گوندەکەدا هەڵبێین، مەبەستیشیان ئەوە بوو لەبەرچاوی سەربازەکانیان کە خەریک بوون بۆ بەرە دەڕۆیشتن سووک پیشانمان بدەن و ورەیان بەرز بکەنەوە. ئێمە ڕامان دەکرد و هەر کەسێ دەکەوت، یا بەجێ دەما، دەسبەجێ بەگولله سوور دەکرایەوە. لەگەڵ داهاتنی شەو بەئۆردگای دیلەکان گەیشتین.

حەوشی ناوەندێکی کەرەستە و مەکینەی کشتوکاڵییان کردبووە ئۆردوگا و بەسیمی دڕکدار دەوریان گرتبوو. دیلەکان لە ناو ئەو حەوشەدا جووت جووت ڕاوەستابوون. ئێمەیان بەپاسەوانانی ئۆردوگاکە دەس بەدەس کرد و ئەمانیش یەکسەر بەزەبری قۆناخە تفەنگ لێمان بەربوون و بەرەو ناو حەوشەکە ڕاویان nاین. ئەگەر بڵێم ئەم ئۆردگایە کتومت دۆزەخ بوو، درۆم نەگوتووە. ئاودەستی دیلەکان هەر ئەوێ بوو کە تیا ڕاوەستابوون، لەوێ لەسەر پێشاو دادەنیشتین و هەر لەناو گڵ و قوڕ بەتەنیشت پیسایەتیی خۆیانەوە دەنوستن. ئەوانەش کە لە هێز کەوتبوون ئیدی لە جێگەی خۆیان هەڵنەدەستان، لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا یەک ژەم نان و ئاویان پێ دەدان. ئەویش

گلاسێک ئاو و مشتێک هەرزنی کاڵ، یا تۆمی هەڵپرووزاوی گوڵەبەرۆژە و هیچی تر. هەندێ ڕۆژ لە بیریان دەچوو ئەوەش بدەن. پاش دوو سێ ڕۆژ بارانێکی خەست کەوتە بارین. قوڕ و چڵپاوی حەوشی ئۆردگایەکە بەڕادەیەک گەیشت کە تا ئەژنۆ تێی دەچەقین. بەیانیان هەڵم لە لەشمانەوە، وەکو هەڵمی لەشی ئەسپ، هەڵدەستا و بارانیش هەر لێی نەدەکردەوە. شەو نەبوو دەیان کەسمان لێ نەمرن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لەبەر نەبوونی زاد لاوازتر و بێ هێزتر دەبووین. لە من هەر مەپرسە، سەرەڕای ئەوەش ئێش و ئازاری برینەکانم زیاتر دەبوو.

ڕۆژی شەشەم برینەکانی شان و سەرم بەئێجگاری هاتنە ئێش، چلکیان کردبوو، و پاشان وا بۆنیان کرد کە بەو بۆنە ڕشانەوەم دەهات. ئۆردوگاکە بەتەنیشتی تەوێڵەی ئەسپەکانی کۆلخوزەوە بوو. تەویلەکایان کردبووە ژووری لێ کەوتنی بریندارە سەختەکان. بەیانی زوو لە سەرۆک عەریفانی پاسەوانەکانم مۆڵەت خواست تا سەر لەو پزیشکە بدەم گوایە لە ناو تەوێڵەخانەکە برین تیمار دەکا. سەرۆک عورەفا، کە ڕووسیی باش دەزانی وتی:

– «ئاهای، ئەی ڕووس! قەیدی نییە، بڕۆ بۆ لای پزیشک. لە خۆتانە. دەسبەجێ چاکت دەکا».

لەو ساتەدا بەخەیاڵمدا نەهات کابرا گاڵتەم پێ دەکا، بەخۆشحاڵی خۆم گەیاندە تەویلەکە.





خوایە چی دەبینم! پزیشکێکی عەسکەریی خۆمان، دیلە، بەپلەی (رائید) لەبەر دەری تەویلە ڕاوەستاوە. دێوان گۆڕن و شێواو، ڕەنگ لە ڕووی نەماوە، دەڵێی تازە لەو دونیا گەڕاوەتەوە، دەموچاو و سەرتاپای باسی ئەو زەبرە کوشندەیە دەکا کە چەشتوویەتی. لەو خەم و بارە گرانەی هەر ڕۆژە و هەر سەعاتێک دیوویەتی و چووەتە ژێری ئیدی تێک چووە و خەریکە شێت دەبێ. بریندارەکان لە سەر ڕیخ و تەپاڵە پاڵ خراون و لەو بۆنە پیسە کە تەویلەکەی پڕ کردووە کاس بوونە و ناتوانن پشوو بخۆنەوە. کرم لە برینەکانی دواوە و ئەوانەی هێزیان تیا ماوە بەقامک یا بەنووکی دار کرمەکان دەردێنن. هەر لەوێ، بەتەنیشتی بریندارەکانەوە، لاشەی دیلە مردووەکان بەسەریەکا فڕێ دراون. پێ ڕانەگەیشتوون لە کاتی خۆیدا بیانبەنە دەرێ.

پزیشکەکە ڕووی تێ کردم و پرسی: «دەبینی چ حاڵێکە!؟ دەفەرموو خۆتان بڵێن، چۆن بتوانم تیماریان بکەم؟ تەنیا پارچەیەکیش نییە بۆ پاککردنەوە، هیچم نییە، بڕۆ. توخوا لێرە بڕۆ!... پێچی برینەکەت بکەرەوە کەمێ خۆڵەمێش بەسەر برینەکەتا بکە. لێرە، لە پشت دەرگا، خۆڵەمێشی تازە هەیە».

منیش، چۆن فەرمانی دا، وام کرد. وەختێ گەڕامەوە، سەرۆک عورەفاکە لەبەر دەرگا ڕوو بەڕووم هات و وتی:

«باشە، چۆن بوو؟ تەماشات کرد چ پزیشکێکی چاکتان

هەیە؟! تیماری کردی؟» دەمویست بێدەنگ لێی تێ پەڕم، بەڵام ئەو مستێکی بۆ سەروچاوم داهێنا و وتی: «ئاژاڵ! بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟». بەو مستەی کە لێی دام کەوتمە زەوی. ئەمجا بەلەقە ئەوەندە لە سەر و سنگ و سکی دام تا بەخۆی ماندوو بوو و ڕۆیشت. من ئەم فاشیستە قەت لە بیر ناکەم. تا ماوم هەر لە یادمە! پاشانیش چەندین جار بەخەستی منی کوتاوە. هەر وەختێ لە مابەینی سیمە دڕکدارەکەوە چاوی بەمن کەوتبا گازی دەکردمە دەرەوە و بێ یەک و دوو و بێ ئەوەی هیچ بڵێ بەمست و پێلەقە دەکەوتە لێدانم. بێگومانم لێم دەپرسی کە چیم کرد تا زیندوو بمێنم؟

پێش شەڕ، کە هێشتا نەببوومە میکانیک، لە ڕۆخی ڕووباری کاما کۆڵکێشیم دەکرد و دوو لەنگە خوێم بەیەکجار هەڵدەگرت، کە هەر لەنگەی سەد کیلۆگرام دەبوو. وەکو دێو کارم دەکرد، لەم بارەوە لە هیچم کەم نەبوو، سەرەڕای ئەوەش لەشم ساغ وەک پۆڵا بوو. بەڵام، ڕاستت دەوێ، من نەمدەویست بمرم. ورەم وابوو کە خۆم ڕاگرم و، ویستم زیندوو بمێنم و بگەڕێمەوە ڕیزی سوپای نیشتمانەکەم و، گەڕامەوە تا لە دوژمن تۆڵە بسێنمەوە!

لەم ئۆردووگایەدا، کە لە ڕاستیدا ناوەندی دابەشکردنی دیلەکان بوو، منیان بۆ ئۆردووگایەک گواستەوە کە نزیکەی سەد کیلۆمەتر لەوەی پێشووەوە دوور بوو. هەموو شتێکی



ئەمیش وەک ئۆردووگاکەی تر بوو؛ تەنیا دارتەلی بڵندی داپۆشراو بەسیمی دڕکدار بەرچاو دەکەوت. نە سایەبان، یان بنمێچێک هەبوو تا پەنا ببەینە ژێری و نە هیچ شتێکی تر. خواردنیشمان جیا نەبوو بەڵام ناو بەناو لەجیاتی هەرزنی کاڵ ئامانێک گەنمی کوڵاویان دەدا، یا لاشەی ئەسپی تۆپیویان بۆ فڕێ دەداین و دابەشکردنی گۆشتیان بۆ ئێمە بەجێ دەهێلا. ئەسپی تۆپیومان دەخوارد تا لە برسان نەمرین، ئەمجاش دەستە دەستە دەمردین... کار بەوەشەوە نەوەستا، لە مانگی تشرینی یەکەمدا سەرما و تۆفانی زستان هەڵی کرد. هەر باران دەباری و بەیانیانیش شەختە دەیبەست. سەرما دەردی پێ دەداین. من شانسم هەبوو، بلووز و کوڵوانەیەکم بەدەست کەوت، کە لەبەر سەربازێکی مردووی خۆمان دامکەند و کردمەبەر. بەوەش چارەسەری تەواوی سەرمام پێ نەکرا. ئەوەندە دەردی برسێتیمان چێشت کە ئیدی بەبرسیەتی ڕاهاتین.

پاسەوانەکانمان لەو جۆرە کەسانە بوون کە بەتاڵان و ڕاووڕووت قەڵەو و مڵ ئەستوور بووبوون. گشتیان دەتگوت (کلباس)ن. وەکو بڵێی بەوردی لەناو هەموو چەقۆکێش و بەدخوو و پیاو خراپەکاندا دەس بژێر کراون، هەر بەتایبەتی بۆ ئازاردانی ئێمە. بەگاڵتەپێکردن و ئەزیەتدانی ئێمە

ڕایاندەبوارد. بەیانیان سەرچۆخەیەک لە سیمەکە نزیک دەبووەوە و لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە بەدەنگی بەرز دەیگوت:

–«هەر ئێستا زادتان بۆ دێنین. زاد لای چەپەوە دابەش دەکەین». سەرچۆخە ئەوەی دەگوت و لێی دەدا و دەڕۆیشت. گشت ئەوانەی کە هێزیان هەبوو بەپێوە ڕاوەستن بۆ لای چەپ لاشاویان دەبرد و چاوەڕوانی زاد دەبوون. سەعاتێک دوو سەعات، سێ سەعات، سەدان ئێسکلیتی زیندوو بەبەر بای ساردەوە، کە تا مۆخی ئێسک کاری دەکرد، ڕادەوستان و دەلەرزین... ڕادەوەستان و چاوەڕانی زاد بوون.

لەپڕ سەر و کەللەی پاسەوانەکان لەلای ڕاستی ئۆردووگایەکەوە دەردەچوون، چەند پارچە گۆشتی ئەسپیان بەسەر سیمەکەوە بۆ فڕێ دەدایـن. ئەمجا وەرە ببینە! ئەو قەرەباڵغە برسییە، بەغەڵبە غەڵب، بەرەو ئەولا هێرشیان دەبرد. لەسەر پارچە گۆشتی ئەسپی، هەڵژینراو لە پیسایەتیا، دەبووە مشتومڕ و هاتوهاوار... پاسەوانەکانیش وا پێ دەکەنین کەم دەما ببوورێنەوە. پاش ئەوە خرمەی دەسڕێژ دەهات. فریاد و ناڵە بەرز دەبووەوە. دیلەکان بەرەو لای چەپ هەڵدەهاتن و کوژراو و بریندارەکانیش لە جێگەی خۆیان دەمان... لێپرسراوی ئۆردووگایەکە ئەفسەرێکی باڵا بەرز بوو، لەگەڵ تەرجوومانێک دەهاتە ڕۆخی سیمەکە و لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا خۆی وا



پیشان نەدا کە پێ دەکەنی، دەیگوت:

«کاتی دابەشکردنی زاد بێ نەزمی و هەراوهۆریاتان کردووە. ئەی بەرازە ڕووسەکان! ئەگەر هەر بەم جۆرە ڕەفتار بکەن فەرمان دەدەم، بێ چاوپۆشین، هەمووتان بەگوللە سوورەوە بکەن. دەبڕۆن، مردوو و بریندارەکانتان هەڵگرن!». سەربازە هیتلەرییەکان، کە لە پشتی لێپرسراوەکە ڕادەوەستان، دەستیان کرد بەقاقای پێکەنین. بە (بیرتیژی)ی سەرکردەکەیان شادمان بوون.

گشت کپ و بێدەنگ دەبووین، تەرمی کوژراوەکانمان دەگواستەوە بۆ دەرێ و لەو نزیکانە لە ناو شێوێک بەخاکمان دەسپاردن... لەم ئۆردووگایەدا ئێمەیان دارکاریش دەکرد، بێ بەڵگە و، بۆ حەسانەوە یا ڕابواردنی خۆیان، بەمستەکۆڵە و دار و قۆنداخە تفەنگ تێمان بەر دەبوون. برینەکانم نەختێ سارێژ بووبوون، بەڵام چونکە هەمیشە نم بوو و پەیتاپەیتا دارکاری دەکراین برینەکانم دەکولانەوە و وا دەهاتنە ژان کە بەزەحمەت خۆم پێ ڕادەگیرا. بەهەر حاڵ هێشتا زیندوو بووم و هیوای رزگاربوونم مابوو... لەسەر تەختاییی ڕەقی زەوی دەنوستین، هیچ جۆرە ڕایەخێکمان نەبوو، تەنانەت جاروبار ژێریانیش نەدەماڵیین. بەپاڵ یەکدا درێژ دەبووین و خۆمان بەیەکەوە دەچەسپاند. بەدرێژاییی شەو تلمان دەدا. هەم ئەوانەی لەسەر

زەویی ڕەق دەنووستن و هەم ئەوانەش کە بەسەریانا درێژ دەبوونەوە، لە سەرمانا ڕەق دەبوویینەوە، ئەمە نە نووستن بوو، بکرە ئەشکەنجەیەکی پڕ ئێش و ئازار بوو نەدەهاتە بەرگەگرتن.

ڕۆژگارمان ژاری مار بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاواز و بێ تواناتر دەبووین. وام لێ هاتبوو مناڵێکیش دەیتوانی بمدا بەزەویدا . کاتێ تەماشای دەستە باریک و لەڕەکانم دەکرد، کە هەر پێست و ئێسکیان مابوو، تۆقم دەچوو و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: «بەم حاڵەوە چۆن بتوانم لێرە خۆم ڕزگار بکەم!» لەم دەمانەدا بوو نەفرەتم لەخۆ دەکرد، بۆچی لە ڕۆژانی هەوەڵدا رام نەکرد... لەم دەرد و ئازارە ڕزگارم دەبوو.

زستان بەسەردا هات. بەفر کەوت. بەفرمان لادەدا و لە سەر زەویی بەستەڵەکی سەهۆڵبەند دەنوستین. ڕۆژ بەڕۆژ ئەژمارمان کەمی دەکرد. لە ئەنجامدا ڕایان گەیاند کە دوای چەند ڕۆژی تر دەمانئێرن بۆ سەر کار. خۆشی دای گرتین، ژیانێکی تازە بەگیانماندا هات. ئومێد پەیدا بوو بەڵکو ڕۆژێک بتوانین هەڵبێین.

ئەو شەوە، ئارام و سەهۆڵبەندان بوو. پێش دەرکەوتنی گزنگی هەتاو، گرمەی تۆپمان بەرگوێ کەوت. لە دەوروبەرمدا گشت کەوتنە چپەچپ. هەرکە جاری دووەم گرمەی تۆپ هات دیلێک بەدەنگێکی بڵند وتی:



– «هەڤالان! ئەوە دەنگی تۆپی لەشکری خۆمانە. هێرشیان دەس پێ کردووە!»

لەم تروکەیەدا بارێکی سەیر رووی دا: گشت دیلەکان هەڵسانە سەر پێ، دەڵێی کەسێک فەرمانی پێ داون، تەنانەت ئەوانەش کە ماوەیەکە ناتوانن لە جێگەی خۆیان ڕابن، ئەوانیش هەستان. چپەچپ بوو، ئاخاڤتنێکی هێدی و قوڵپەی گریان بوو. دیلێک لە تەنیشتم هۆڕهۆڕ دەگریا... منیش... منیش».

مولازم گراسیمۆف ئەو وشانەی پچڕ پچڕ لە زار دەهاتە دەرێ. نەختێ بێدەنگ بوو، بەڵام پاشان خۆی ڕاگرت و ئارام لەسەری ڕۆیشت: «دڵۆپی گەرمی فرمێسکی چاوانی منیش بەسەر ڕوومەتم گلۆر دەبوونەوە و هەرکە بەر با دەکەوتن سارد دەبوون... یەکێکمان بەدەنگێکی باریک دەستی کرد بەخوێندنەوەی سروودی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیونال)، ئێمەش بەدەنگی نارێک و ناجۆر و ناساز پێکەوە لەگەڵ ئاوازەکەی کەوتینە وتنەوەی سروودەکە. پاسەوانەکان بەڕەشاش و چەکی ڕیز و، بەگولله ئاوپژێنیان کردین. یەکێک فەرمانی دا: «ڕاکشێن!». ڕاکشاین، لەشم خزاندە ناو بەفر و وەک مناڵ دەگریام، بەڵام ئەوە تەنیا فرمێسکی شادمانی نەبوو، فرمێسکی سەربڵندیش بوو، فرمێسکی سەربڵندبوون بەمیللەتەکەمان. فاشیستەکان بەئاسانی دەیانتوانی بمانکوژن،

ئێمەی دیل و بێ چەک لە ژێر دەسیاندا بێ دەسەڵات بووین. بەڵام پێیان نەدەکرا ورەی ئێمە بشکێنن. هەرگیز ئەوەیان پێ ناکرێ. ڕوونتر بڵێم هێشتا تێ نەگەیشتبوون تووشی کێ بوونە. ئێمە نەبەزبووین، لەوانە نەبووین کە خەیاڵیان بۆ دەچوو».

***

ئەو شەوە ئیدی مۆڵەت نەبوو تا مولازم گراسیمۆف بەسەرهاتەکەی تەواو بگێڕێتەوە. کارێکی بەپەلە هاتە پێش و ئەویان بۆ ئەرکانی لەشکری بانگ کرد. پاش چەند ڕۆژ جارێکی تر چاومان بەیەکتر کەوتەوە. ژێر زەوییەکە لە بۆی نم و شیرەی کاژ پڕ بوو. ئەنگوستە ئەستوورەکانی بەیەکدا بردبوو، دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو. کە تەماشایم کرد بیرم کردەوە دەبێ لە ئۆردوگای دیلەکانەوە ئەو خووەی بۆ مابێتەوە؛ دەستەوئەژنۆ دانیشێ و، نە سەعاتێک و نە دوو سەعات، هەر لە خەیاڵی تاڵ و تورش و بێ ئەنجامدا بخنکێ و ورتەی لێوە نەیەت... بەم جۆرە باسی بەسەرهاتەکەی خۆی دەست پێ کردەوە:

«دەپرسی کە چۆن توانیم ڕا بکەم؟ وا پێت دەڵێم: لەو بەرەبەیانەدا، کەمێ پاش بەرگوێ کەوتنی گرمەی تۆپخانەی خۆمان، ئێمەیان برد بۆ سەر کار تا سەنگەریان بۆ هەڵکەنین. هەوا گەرمی کرد و بەفر کەم کەم دەتوایەوە. وەرزی باران بوو.



بردیانین بۆ ئەو شەماڵی ئۆردووگایەکە. لە ڕێگا هەمان بەزم دووپات کرایەوە: ئەوانەی لاواز و بێ هێز بوون و دەواکەوتن دەیانکووشتن و تەرمیان لە چەقی جادە بەجێ دەما.

تەنیاش هەر لەباتی جێمان نەبوو کە لێیان دەکوشتین. ڕۆژێک بەناو بێستانی پەتاتە ڕەت دەبووین، عەریفێکی ئەڵمانی دیلێکی هەر لەبەرئەوە کووشت چونکە ئەم بەستەزمانە پەتاتەیەکی سەهۆڵبەندی بەرچاو کەوتبوو و داچەمیبوو هەڵی بگرێ. دیلەکە کە عەریف گانجار خەڵکی ئۆکراین بوو، ئەو پەتاتە زەقنەبووتەی هەڵگرتبوو تا بیخاتە گیرفانی. عەریفە ئەڵمانییەکە پێی زانی و بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە گانجار نزیک کەوتەوە و دەمانچەکەی لە پشت ملی بەتاڵ کرد. فەرمانی ڕاوەستانیان دا و گشتیان ڕیزکردین و سەرۆک عورەفایەکەش، لە کاتێکدا بەباڵ جوغزی بەدەور خۆیا دەکێشا، وتی:

– «تەواوی ئەمە مولکی بێ چەن و چۆنی دەوڵەتی ئەڵمانە و هەر کەسێ بەبێ ئیزن شتێک هەڵبگرێ دەسبەجێ دەکوژرێ.»

بەناو گوندێکا تێ دەپەڕیین. ئافرەتی گوند ئەگەر چاویان بەئێمە کەوت نان و پەتاتەی برژاویان بۆ فڕێ داین. چەند کەسێ دەرفەتیان هێنا و هەندێ نان و پەتاتەیان لە زەوی هەڵگرت، بەڵام زۆربەمان دەرفەتمان نەبوو. پاسەوانەکانیش دەسدرێژییان لە دەر و پەنجەرەی ماڵەکان کرد و فەرمانیان پێ

داین تا خێرا پێ هەڵبگرین. ئاخۆ دەزانی خەڵکی وڵاتەکەمان چەند بوێر و بێباکن! هەر نەختێ لەولاتر نان و پەتاتەیان لە پێشمان لە سەر ڕێگە دانابوو، ئێمەش خێرا خێرا هەڵمان دەگرت. پەتاتە برژاوێکی گەورەم بەرکەوت. نیوەم بەوەی تەنیشتم دا و نیوەکەی ترم بەتوێکڵەوە قووت دا. لە تەمەنما قەت پەتاتەی وا خۆشم نەخواردووە.

لەناو بێشەلانێکدا سەنگەریان لێ دەدا. ژمارەی پاسەوانیان بەسەرمانەوە زێدەتر کرد، هەریەکە بێڵێکیان بەدەستەوە داین. نەمدەویست سەنگەریان بۆ جێبەجێ بکەم، بگرە حەزم دەکرد سەنگەرەکانیان تێک بدەم. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ئیدی بڕیاری خۆمم دا لەو چاڵەی هەڵم دەکەند هاتمە دەرێ و بێڵەکەم بەدەستی چەپ گرت و لە پاسەوانەکە نزیک بوومەوە. لە یەکەم هەنگاودا وریا بووم. ڕوانیم کە گشت پاسەوانەکانی تر لە قەراغی سەنگەرەکە کۆبوونەتەوە، تەنیا ئەم پاسەوانە نەبێ کە بەسەر دەستەکەی ئێمەوە ماوە. پاسەوانی تر دیار نەبوون. لێی چوومە پێش و بەهێواشی بەپاسەوانەکەم وت:

«بێڵەکەم شکاوە... تەماشاکە!» خەیاڵێک وەک برووسکە بەبیرما هات و بەخۆم وت کە ئەگەر زۆرم نەگا و بەزەبری یەکەم نەیخەم ئیدی کارم تەواوە. وابزانم پاسەوانەکە لە دیمەنی سەروچاوم گومانی کرد، بۆیە کە تەماشای کردم شانی



جووڵاند و قایشی تفەنگەکەی لە شان داکەند؛ لەم ترووکەیەدا بەوپەڕی توانا بێڵەکەم لە نێوچاوانی دا. نەمدەتوانی کە لە تەوقی سەری بدەم چونکە کڵاوزرێی لەسەر بوو. ئەوسا لە خۆم گەیشتم کە هێشتا توانام تیا ماوە، کابرا بێ ئەوەی نقەی لێوە بێ بەدەما کەوت. تفەنگ و هەرسێ مەخزەنی کابرام هەڵگرت و هەڵاتم. بەڵام ڕوانیم کە ناتوانم ڕا بکەم. دیارە لەبەر چی، چونکە وەکو پێویست هێزم تیا نەمابوو! ڕاوەستام. هەناسەیەکم هەڵکێشا و دووبارە بەگورگەلۆقە و بەزەحمەت کەوتمە ڕاکردن. ئەو دیوی شیوەکە دارستانێکی چڕ بوو. هەوڵم دەدا خۆم بەوێ بگەیەنم. لە یادم نەماوە چەند جار هەڵسوکەوتم کرد... بەڵام دڵنیابووم هەنگاو بەهەنگاو دوورتر دەکەومەوە. شەکەت و ماندووبووم و هاتمە هەناسە بڕکێ و وا تەنگەنەفەس بووبووم، نزیک بوو بتاسێم.

لەو کاتەدا، بەو دیوی شێو گەیشتبووم و خەریک بووم بەنێوانی دار و دەوەنی قەدپاڵی گردەکەدا سەردەکەوتم، گوێم لە دەسرێژ و هاتوهاوارێک بوو کە لە دەرەوە دەهات. دەربازبووم، ئیدی دەسگیرکردنم کارێکی سادە نییە.

خۆر خەریک بوو ئاوابێ، بڕیارم دا ئەگەر هاتوو ئەڵمانەکان شوێن پێم پەیدا بکەن و لێم نزیکەوە بن تەنیا ئاخرین فیشەک نەبێ، کە ئەویش بۆ خۆکوژی هەڵی دەگرم، ئیدی تا دوا فیشەک

شەڕیان لەگەڵ دەکەم. ئەم لێکدانەوە هێزێکی ئەوتۆی پێ دام و، هێواشتر و بەگوڕتر ملی ڕێگام گرت.

شەوم لە دارستانەکە بردە سەر. بەنیو کیلۆمەتری گوندێکی بچووک گەیشتم، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشی ئەڵمانەکان ببم بەلای گوندەکەدا نەچووم.

ڕۆژی دوایی پارتیزانەکان منیان دۆزییەوە و لەگەڵ خۆیان بردمیان. بۆ نزیکەی دوو هەفتە لە پەناگە ژێر زەوییەکانیاندا حەسامەوە. لەو ماوەیە تا ڕادەیەک هاتمە سەرخۆم و بەهێزتر بووم. پسوولەی ئەندامێتیی حزبیم، کە لە ئۆردوگایەدا لە چمکی کۆڵوانەکەم قایم کردبوو دەرهێنا و پیشانی پارتیزانەکانم دا. ئەمجاش لێم دڵنیا نەبوون. هەر لە سەرەتاوە بەچاوی گومانەوە تەماشایان دەکردم.

بەڵام وەختێ بەشداریی چالاکییانم کرد ئیدی بڕوایان پێم هێنا. لەوێوە بوو کە دەفتەری حیسابم بۆ فاشستەکان کردەوە. ئاماری ئەوانەم، کە دەکوشتن، هەڵدەگرت و هێشتاش هەر بەوردی هەڵی دەگرم. ئێستە کەم کەم ئاماریان لە سەد نزیک دەکەوێتەوە.

لە مانگی کانوونی دووەمبوو کە پارتیزانەکان منیان لە خەتی بەرە پەڕاندەوە. نزیکەی یەک مانگ لە نەخۆشخانە کەوتم. ساچمەی گوللە تۆپەکەیان لە شان دەرکردم، بەڵام بڕیارم دا کە



تیمارکردنی ڕۆماتیزم و نەخۆشییەکانی تر، کە لە ئۆردووگا تووشم بوون، بۆ پاش شەڕ دوا بخەم. کە لە نەخۆشخانە دەرچووم منیان نارد بۆ ماڵ تا چاکتر ببم و بحەسێمەوە... لە ماڵ زیاتر لە یەک هەفتە خۆم پێ ڕانەگیرا و بۆ بەرەی شەڕ دڵم تەنگ بوو. هەرچی دەتەوێ بڵێ، بڵێ، دەنا جێگەی من، تا کۆتاییی شەڕ، هەر لێرە دەبێ».

***

لەبەر دەرگای پەناگاکە خوا حافیزیمان لە یەکتر کرد.

گراسیمۆف، لە کاتێکدا داڵغەی لێ دابوو، دەیڕوانییە ڕێچکەیەک کە بەناو بێشەلاندا دەڕۆیشت و نقومی تیشکی هەتاو بوو و، وتی:

– «... وا ئێستاش، هەم چاک فێری شەڕ و هەم فێری ڕق و عیشق و خۆشەویستی بووین. شەڕ کوورەیەکە سۆز و هەست و بڕوای مرۆڤ ئاو دەداتەوە.

وا دێتە بەرچاو کە ناتوانرێ عیشق و ڕق جووت بکرێن، وەیا وەک دەڵێن: ناتوانین ئەسپی ڕەوان و ئاسکی ترسنۆک بە گالیسکەیەکەوە ببەستین بەڵام ئێمە هەردووکمان پێکەوە بەستن و دیتمان کە بەچاکی گالیسکەکە ڕادەکێشن. بەو جۆرەش دەتوانین ئەو دوو هەستە دژی یەکترە جووت بکەین. من بەتوندی قینم هەڵدەستێ لەو کردەوانەی کە فاشستەکان

دەرهەقی نیشتمانەکەم و خۆم ڕەوایان دیوە، لە هەمان کاتیشدا پڕ بەدڵ هاونیشتمانەکانم خۆش دەوێ و نامەوێ چیتر لە ژێر دەستی فاشیستەکاندا بناڵێنین. ئا ئەو هەستەیە وای لێ کردووین بێ بەزەیی پیاهاتنەوە شەڕی دوژمن بکەین. هەر وەختێ ئەو دوو هەستە بەکردەوە نوێندران ئەوا ڕۆژی سەرکەتنمان هەڵدێ. خۆشویستنی وڵات لە ناخی دەروونماندا ڕیشەی داکوتاوە، تا دڵمان لێ دەدا ئەو خۆشەویستییەی هەر تیا دەمێنێ. کینە و ڕقی ئێمەش ئەوەتا بەنووکی سەرە نیزەکانمانەوەیە. ببوورە ئەگەر گێڕانەوەی باسەکەم پێچ و خەمی تیا بوو، چی بکەم شێوەی بیرکردنەوەم ئاوەهایە».

بەو وشانە، مولازم گراسیمۆف، دوایی بەباسەکەی هێنا و بۆ یەکەمین جار، لەوەتەی ئاشنای بوومە، بزەیەکی شیرین و ساکارانە لە چارەیدا بەدی دەکەم. بۆ یەکەم جاریش ڕوانیم کە ئەو ئەفسەرە سی و دوو ساڵەی کە دەرد و ئازار و بەدبەختی هاڕیویەتی، هێشتا وەک داربەڕوو پتەو و قایم و بە ورەیە، بەڵام مووی لاجانگی وەک بەفر سپیە و سپییەکی جاڵجاڵۆکە کە بەکڵاوی مولازمەکەیا نووساوە لە نێوی مووی لاجانگی ون بووە و هەرچەند دەکۆشم ناتوانم بیدۆزمەوە.



پێڕست

وتەیەک بۆ چاپی دووەم ........ 5
پێشەکیی چاپی یەکەم ........ 7
چۆن فێری ڕقت دەکەن ........ 23